# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۵۴

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)


دەوری سێهەم – ژمارە ۴۵۴ – پووشپەڕ – جولای ۲۰۲۴


**سەروتار**

## پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی لە گرەوی دەستپێشخەریی سیاسی چینی کرێکاردایە

هەروەک چۆن بەبێ بەشداریی بەهێزی چینی کرێکار لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی ئێران، سەرهەڵدانی بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە دژوارە، بەبێ گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ئەم چینە کۆمەڵایەتییە، تێکشکاندنی تەواوەتی ماشێنی دەوڵەتی و ڕێکخستنی لەناو حکوومەتێکی شۆرایی، پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی جەماوەری، ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری مومکین نییە. بە بێ دەستپێشخەری سیاسی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئەم کۆمەڵگایە، پێشکەوتنی شۆڕش زەمانەت ناکرێت. لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧دا لە نەبوونی ڕێکخستن و بەشداری سەربەخۆی چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی سیاسی ئێران، دژەشۆڕشی ئیسلامی بە یارمەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان ئامرازی حازر و ئامادەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە گرت و لەڕێگەی هەر ئەم ماشێنە سەرکوتەوە کاری ناتەواوی سەرکوتی شۆڕش، کە ڕژیمی شا دەستی پێکردبوو بە سەرەنجامی گەیاند. شۆڕشی لەدایک نەبووی ساڵی ٥٧ لەژێر ڕووخاوەکانی ڕژیمی پاشایەتیدا نێژرا.

ئەمجارەیان ئەگەر نەمانهەوێ شۆڕشی داهاتووی ئێران چارەنووسی ڕاپەڕینی ٥٧ی بەسەر بێت، پێویستە هەر لە ئێستاوە پێداویستییەکانی دابینکردنی ڕێبەری چینی کرێکار لە ڕەوتی پێشڕەویی شۆڕشدا ئامادە بکەین. لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا بەشی بەرینی بزووتنەوەی چەپی ئێران لە فکری هێنانەمەیدانی خەڵک و وەڕێخستنی شۆڕشێکی هەمووان پێکەوەدا بوون، ئەگەر ناوی چینی کرێکاریشیان هێنابا وەک بەشێک لەم بەرە خەڵکییە، لەسەر دەورونەخشی تەئکید دەکرا. لە کلتووری زاڵی چەپی ئێرانی ئەو سەردەمدا چینی



**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە شەریفە محەممەدی**



**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**سەبارەت بە مەحکووم‌کردنی هێرشی ئاسمانی و زەمینیی ئەرتەشی تورکییە بۆسەر کوردستانی عێراق**

**بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە ئاکامی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم**



**ئیتر بەسە کۆیلایەتی، مانگرتنمان پەرە پێ دەدەین**

کرێکار وەک چینێک بە خواستی چینایەتی و هێزی کۆمەڵایەتی ستراتێژی سۆسیالیستی، جێگەو پێگەیەکی نەبوو. ئەمجارەیان ئەگەر دەمانهەوێ لە شۆڕشی داهاتووی ئێراندا ئاواری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەسەر سەری کرێکاران و زەحمەتکێشاندا نەڕووخێت، کرێکارانی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە پێویستە بیر لە پێکهێنانی ئۆرگانی جەماوری بۆ هیدایەتی خەبات بکەنەوە لە باروودۆخی ئێستا و گرتنەوەی دەسەڵات لە دوارۆژی ڕووخانی ڕژیم. لەم پێوەندەدا پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکانی ناو کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان یەکجار گرینگ و چارەنووسسازە.

پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان هەم ڕیشەی لە ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوەی کرێکاری جیهان، و هەم ڕیشەی لە ئەزموونی خەباتی خودی کرێکارانی ئێراندایە. چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ئەم ئەزموونە مێژووییانە یارمەتیمان دەدات لە بینینی ئەو پۆتانسیەل و زەرفییەتانەی کە هەر ئێستا دەتوانن زەمینەسازی پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان بن. ئاوڕدانەوەیەک لە ئەزموونی شۆرا کرێکارییەکانی ڕووسیەی ساڵی ١٩٠٥ کە وەک ڕێکخراوی جەماوەری و نوتفەی دیموکراسی ڕادیکاڵی کرێکاری بایەخێکی مێژوویی و جیهانییان پەیدا کرد، پێمان دەڵێت کە لە زۆر حاڵەتدا ئەم شۆرا کرێکارییانە لە دڵی کۆمیتەکانی مانگرتن و لە دڵی کۆمیتەکانی کارخانەدا سەریان هەڵدا. لە هێندێک حاڵەتیشدا شۆرا کرێکارییەکان لە دڵی کۆبوونەوەی گشتی واتە مەجمەعی عموومی کرێکاران لە ناوەندە سەنعەتییەکاندا شکڵیان گرت و خۆیان ڕێکخست. ئەم شۆرایانە لە جەرگەی خەبات و مانگرتنی کرێکاراندا پێکهاتن و حیزبی سۆسیال دیموکرات یان باقی حیزبە چەپ و سۆسیالیستەکان لە پێکهێنانیاندا دەورونەخشێکی چارەنووسسازیان نەبوو. هێندێک جاریش بووە کە چالاکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە لە ڕێکخستنی ئەم شۆرایانەدا ڕۆڵی چالاکیان بینیوە. لە ئێرانیش لە دوای شۆڕشی ٥٧، شۆرا کرێکارییەکان لە دڵی کۆمیتەکانی مانگرتندا سەریان هەڵدا. کۆمیتەکانی مانگرتن لە جەرگەی مانگرتنە کرێکارییەکانی کرێکارانی سەنعەتی نەوت بەتایبەت لە نیوەی دووهەمی ساڵی ٥٧دا شکڵیان گرت. لە پاڵاوگەی ئابادان کۆمیتەی مانگرتن داوای لە هەموو کرێکاران کرد کە بۆ هەڵبژاردنی شۆراکان لە مەجمەعی عموومیدا بەشداری بکەن. هەر ئەم ئەزموونەش لە مەیدانە نەوتییەکان و لە باقی پاڵاوگەکانی تاران، شیراز، تەورێز، کرماشان و ئیسفەهان دووپات بووەوە. هاوکات کرێکارانی ناوەندی پێترۆشیمی لە نزیکی ئابادان شۆراکانی خۆیان پێکهێنا. بەڵام دژەشۆڕشی ئیسلامی ڕێگەی نەدا کە ئەم بزووتنەوە شۆراییە جەماوەری بێتەوە. ئەم ئەزموونە مێژووییانە یارمەتیمان دەدات تا زەرفییەتەکانی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بۆ پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان لەناو کارخانە و ناوەندە سەنعەتی و خزمەتگوزارییەکان باشتر بناسین. ڕەوتی تەکامولی کۆمیتە



نهێنییەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، بزووتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان لەگەڵ شۆرا کرێکارییەکان لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا ڕەوتێکی ئارام و هەنگاو بە هەنگاو نابێت و ئەم ڕەوتە دەتوانێ زۆر خێراتر بێتەوە.

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠وە هەتا ئێستا ڕەوتێکی ڕوو لە گەشەی بووە. لەم ماوەیەدا هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی گەورە و چکۆلەی تەجروبە کردووە. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و ناڕەزایەتی لە ساڵدا یەکێک لە چالاکترین و ناڕازیترین بزووتنەوە کرێکارییەکانی جیهانە. لە جەرگەی ئەم مانگرتنانەدا نەسلێک لە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری پەروەردە بوون و هاتوونەتە مەیدان کە زۆربەیان ئەزموونی ڕێکخستن و ڕێبەری مانگرتن، ئەزموونی بەرپایی مەجمەعی عموومی کرێکاری و دەخاڵەتدانی کرێکاران لە بڕیاردانیان هەیە. کرێکارانی ئازەراب و هێپکۆ لە ئەراک، مانگرتنی کرێکاری و بەرپایی مەجمەعی عموومییان تەجروبە کردووە. کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی تەجروبەی پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن، ڕێکخستنی مانگرتنی سێ مانگە و بەڕێوەبردنی مەجمەعی عموومییان هەیە. کرێکارانی فوولادی ئەهواز، زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، مەعدەن و ڕێگەی ئاسن و ناوەندەکانی تر، خاوەنی ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و ڕێکخستنی مانگرتنی کرێکارین. موعەلیمان، ڕێگای بەڕێوەبردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەرییان نیشان دا. کرێکارنی حەوت تەپە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا دەیان جار مەجمەعی عموومی کرێکارانیان بەڕێوەبردووە و ژیانی شۆراییان تەجروبە کردووە.

ئەم ئەزموونانە پێمان دەڵێن کە ماتریالی ئینسانی و کادری ڕێکخەر، کە بە ئیدەی دەخاڵەت دانی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە بڕیاردان و بە ئیدەی شۆرایی بارهاتوون، لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی ئێراندا بوونی هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەیەکی زیندووە و بەردەوام لە جموجۆڵ دایە و ڕۆژانە شایەدی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکارین. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە حاڵی حەرەکەتدا بێت، ڕێگای تەکامولی خۆی پەیدا دەکات. بێگومان پێکهێنانی شۆرای کرێکاری لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییەکان پێویستی بە هاوسەنگی هێزی گونجاوترە. بەڵام پێویستە ئەم واقعییەتەشمان لەبەرچاو بێت کە هەوڵی ڕێکخراو بۆ پێکهێنانی شۆراکان، خۆی بەشێکە لە خەبات بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری و سەروساماندان بە پایەکانی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی.

لە لایەکی دیکەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقعییەتە کە: حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لە قەیرانی جۆراوجۆردا گرفتارە، قەیرانی سەرمایەداری ئێران هەژاری و نەهامەتییەکی بێوێنەی بەسەر چینی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆمەڵگەدا سەپاندووە، حکوومەتی ئیسلامی ڕێگایەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بارودۆخە نییە، ستراتێژی ناوچەیی ڕژیم بۆ زەمانەت کردنی مانەوەی نیزامی ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی چەند ساڵی ڕابردوو حکوومەتی هیلاک و ئاڵۆز کردووە، شکستێک کە جەماوەری وەگیانهاتوو لەم بارودۆخە لە جەریانی شانۆی هەڵبژاردن بەسەر ڕژیمیاندا سەپاندووە سەرانی ڕژیمی لە گیانی یەکتر بەرداوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لەم بارودۆخەدا وەک ماری بریندار لەخۆی دەهاڵێ و بۆ پاراستنی نیزامی ئیسلامی هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتێژی ڕووی کردووەتە پەرەپێدانی سەرکوت، بەردەوام زیندانیان ئێعدام دەکات و گرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان درێژە دەدات، شەڕێکی سەرتاسەری لەدژی ژنان دەستپێکردووە و بەردەوام پەرەی پێدەدات.

لە وەها بارودۆخێکدا کلیلی زەمینگیرکردنی ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیم لە دەستی چینی کرێکاردایە. تەنها چینی کرێکارە کە دەتوانێ بە مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە ناوەندی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، سەنعەتی فوولاد، ماشێنسازی، زەوبی ئاهەن، مەعدەن و ڕێگەی ئاسن و ... بە فەرمانی وەدیهێنانی خواستی دەستبەجێیی کرێکاران و خانەنشینان، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە سزای ئێعدام و ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرش بۆسەر ژنان، فشار بخاتە سەر حکوومەتی ئیسلامی و ماشێنی سەرکوتی ڕابگرێت. ڕێگایەکی لابڕ بوونی نییە. مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێ هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا هاوئاهەنگ وەحەرەکەت بخات. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران تێک بدات، بۆشایی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و توانای سەرکوتیان زەمینگیر بکات و زەمینەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بکات.

❊❊❊

# شانۆی هەڵبژاردنەکان شکستی هێنا،
# بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئیرادەمان ڕێکبخەین

دوایین پەردەی چواردەهەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ١٥ی پووشپەڕی ١٤٠٣دا کۆتایی هات و مەسعوود پزیشکیان ڕێفۆرمخوازی خزمەتکار و ملکەچی ویلایەت لە سندووقی دەنگدان هاتە دەر. لە خولی دووهەمی ئەم شانۆ ئینتخاباتییەدا ئوسوولگەراکان، ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی، ئیعتدالگەرایان، سپای پاسداران و خامنەیی و میدیاکانی حکوومەت چالاکانەتر کەوتنە خۆ تا شکستی دەوری یەکەم قەرەبوو بکەنەوە و لە دووهەم شانۆی ئینتخاباتدا شکستەکەیان ئابرووبەرنەدانەتر بێت. ئەمجارە کەناڵی تەلەفیزیۆنی فارسی زمانی بی بی سیش هاوشێوەی ستادی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی هاتە مەیدان تا بۆ ئەم گاڵتەجاڕییە ئینتخاباتییە بازارگەرمی بکات. کەناڵی ئێران ئینترنەشناڵ هەوڵی دا تا مانۆڕی فریوکارانەی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی واتە هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر کارساز نیشان بدات. یەکەتی ئورووپا دۆسیەی پەیوەندیدار بە تۆمارکردنی ناوی سپای پاسداران لەناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی چالاک کرد تا ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامە بگەیەنێ کە ئەگەر جەلیلی دیاری بکرێت ئەگەری تۆمارکردنی سپای پاسداران لەناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەچێتە سەرێ. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە و دوو جەمسەری کردنەوەی فەزای "ئینتخابات" لە نێوان ڕێفۆرمخوازی خزمەتکاری ویلایەت و وشک مێشکترین بەربژێری ئوسوولگەرا، دەزگای درۆ و پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی تەنانەت بە حیسابکردنی دەنگی سپی و نادروست، ڕێژەی بەشداریکردنی لەم ئینتخاباتە کەمتر لە ٥٠ لەسەد ڕاگەیاند.

بەڵام ڕاپۆرتی شایەتحاڵان، ئەو وێنە و گرتە ڤیدیۆیانەی کە لە ناوەندە چۆڵەکانی دەنگدان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەتەوە پێچەوانەی ئەم ئیدیعایەمان پێ نیشان دەدات. ڕێژەی بەشداری لە پارێزگای تاران ٢٣ لەسەد ڕاگەیەندراوە. خەڵک لە هەموو شارەکانی کوردستان، شارەکانی پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگ و یەکپارچەدا بە نەچوون بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان، نایەکی بەهێزیان بە کۆماری ئیسلامی وت. لە شارەکانی خووزستان کە هەراوەنگامەی تەبلیغاتی باندەکانی حکوومەت لە جەرگەی درێژەی مانگرتنی کرێکاران لە ناوەندەکانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی و لە جەرگەی درێژەی خەباتی خانەنشینان لەئارادا بوو، شانۆی دووهەمی ئینتخاباتیش بە شکست کێشرا. ئەم ئامار و ڕاپۆرتانە نیشانی دەدەن کە سەرەڕای هەموو فرتوفێڵ و تاکتیکێکی باندەکانی حکوومەت و سیاسەتی ستراتێژیکی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی واتە "ئاشتکردنەوەی خەڵک لەگەڵ سندووقی دەنگدان و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان میللەت و نیزامی ئیسلامی" و سەرەڕای هاودەستی میدیا بەکرێگیراوەکانی سەرمایەداری، کرێکاران و خەڵکی وەگیانهاتوو لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەوری دووهەمی شانۆی ئینتخاباتیشیان بەرەورووی شکست کردووەتەوە.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و زۆرینەی خەڵکی ئێران کە لەژێر فشاری گرانی و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری و هەڵاواردن و نابرابەری و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان ژیانێکی سەخت و دژواریان بەسەردا سەپاوە، لە جەریانی ژیان و خەباتی ڕۆژانەی خۆیاندا سرووشتی ڕاستەقینەی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتییان ناسیوە. ئەوان دەزانن کە خستنەدەری کارگای پێنج کەسی و پاشان دە کەسی لە چوارچێوەی یاسای دژەکرێکاری ڕژیم و گۆڕینی بەردەوامی ئەم یاسای کارە لەپێناوی هەرزانکردنی هێزی کاری کرێکاران، لە دەورەی دەوڵەتە ئیسلاح تەڵەب و ئیعتدالگەراکاندا ئەنجام دراوە. زۆرێک لە یاسا دژژن و دژەکرێکارییەکان لە سەردەمێکدا کە ئیسلاح تەڵەبانی حکوومەتی لە مەجلیسدا کارەیەک بوون پەسندکراون. هێرش بۆسەر کوی دانشگا و وەبەر گوللەدانی خوێندکارانی ئازادیخواز لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ٧٨ی هەتاوی، لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیدا ڕوویدا. ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە هێرش بۆسەر ناڕازییان لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦ و لە خەڵتانی خوێنکردنی بەشەمەینەتانی شار لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨ و لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا هاودەستی سپای پاسداران و باندە حکوومەتییەکان بوون و دەستیان بە خوێنی خەباتکارانی شەقام و ئەو ئینسانانە سوورە کە لە ژێر ئەشکەنجە یان بە پەتی سێدارەوە گیانیان بەختکرد.




کرێکاران و بەشەمەینەتان و جەماوەری تێکۆشەری ئێران بە پشت بەستن بەم ئەزموونانە نە تەنیا لە ستراتێژی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ ڕێفۆرمی ڕژیمی ئیسلامی، لە شێوازی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر و لە سندووقی دەنگدان، بەڵکوو لە گشت نیزامی ئیسلامی تێپەڕیون و خۆیان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکەن. دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئوسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" سەلمێنەری ئەزموون و هوشیاری ئەوان بوو لەئاست سرووشتی ڕاستەقینەی باندەکانی حکوومەت. ئەوان باش دەزانن کە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای نیزامی وەلایەتی فەقیهە دامەزراوە، نە سەرۆک کۆمار و نە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هیچ دەورونەخشێکیان لە داڕشتنی سیاسەتە سەرەکی و گرینگەکاندا نییە. سەرۆک کۆماری ملکەچی ویلایەت و ئەندامی دەوڵەتێک کە بەڵگەی سەلاحییەتی خۆی دەبێ لە ئاڵقەی سپای پاسداران، لە بەیتی ڕێبەری و لە مەجلیسێک وەربگرێت کە لە چنگی ئوسوولگەرایاندایە، تەنیا گاڵتەجاڕییە و هیچی تر. خەڵکی ئێران کە لەماوەی دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا گەلێک دیمەنی قیزەونیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤیزیۆنی کاندیدەکانی ئیسلاح تەڵەب و ئوسولگەرا بینی، ئەمجارە دەبێ هەموو ڕۆژێ شایەدی پرتە و بۆڵە و شەڕەقسەی قیزەون بن لەسەر چۆنیەتی تاڵانکردنی جەماوەری ستەمدیدە و لەسەر چۆنیەتی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز کە هوشیارانە ئەم شانۆیەی هەڵبژاردنی ڕژیمیان بەرەوڕووی شکست کردەوە باش دەزانن کە ستراتێژی کادری ڕێبەریی سپای پاسداران و باندەکانی حکوومەت بۆ پاراستنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پەرەپێدانی سەرکوت و ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگایە. خەڵک بینییان کە دروست لەو ڕۆژانەدا کە کەمپەینی ئەم گاڵتەجاڕییە ئینتخاباتییە لەئارادابوو و بەڵێنی درۆینەی باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵگا گوێی عالەمی کەڕ دەکرد، شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکاری بەتۆمەتی بێبنەما بە ئێعدام مەحکووم کرا و باندەکانی حکوومەت دەستیان دایە دەستی یەک تا مانگرتنی کرێکارانی نەوت و و پێترۆشیمی تێکبشکێنن.

بێگومان واده و بەڵێنی درۆینەی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەت لەسەر ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری، ناڕەزایەتی بەردەوامی خانەنشینان، لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ژنان و خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، خۆڕاگری و خەباتی زیندانییانی سیاسی و دایکانی دادخواز و لەسەر لەشکری مەزنی ناڕازیان بەم بارودۆخە هیچ کاریگەرییەکی نابێت. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بزووتنەوەی نان و کار و ئازادی ڕیشەی لە واقعیەتە ماددییەکانی کۆمەڵگای ئێراندایە. سکی برسی، سفرەی بەتاڵ، گەرووی تینووی ئازادی و قوربانییانی هەڵاواردنی ڕەگەزی هەموو ڕۆژێ ئەم پێداویستییەی ژیان هاوار دەکەن. ئەم ڕووبارانەی ناڕەزایەتی و خەبات و شۆڕش پێویستە یەک بگرنەوە و ئیرادەی خۆیان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ڕێکبخەن. چینی کرێکار بەپێی پێگەیەک کە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، لە میحوەری ئەم خەبات و ئاڵۆگۆڕەدایە. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی ئێستا و بە پشت بەستن بە لێهاتوویی ئەو ڕێبەرە سۆسیالیست و خۆشەویستانەی کە لە دڵی خۆیدا پەروەردەی کردووە، توانای ئەوەی هەیە کە هێزی خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە. پەرەپێدان و قایمکردنی پەیوەندی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دەتوانێ بەستێنی مانگرتنی سیاسی جەماوەری لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەرشەقام و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووری و سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بکەن.

***

## کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# ئیدیعاکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پەیوەندیی "شەریفە محەممەدی" و "کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" لەگەڵ تەشکیلاتی کۆمەڵە بەتوندی ڕەت دەکاتەوە

بەگوێرەی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی مانگی پووشپەڕی١٤٠٣، لقی یەکی بێدادگای دژەئینقلابی ئیسلامی لە ڕەشت، شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکاریی بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە " کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" و ئەندامیەتی لە کۆمەڵە، کە لە یاسای کۆنەپەرستانەی فیقهیدا پێی دەوترێ "بەغی"، موحاکمە و بە ئیعدام مەحکووم کردووە. شەریفە محەممەدی کە لە ڕێکەوتی ١٤ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠٢دا بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژبە نیزامی ئیسلامی دەستگیر کرابوو لەئێستادا حەوت مانگە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبات و لەم ماوەیەدا گەلێک جار خراوەتە ژێر



ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە و منداڵەکەی بێبەری بووە.

ئەم حوکمە جەنایەتکارانەیە لە کاتێکدا دژبەم چالاکە کرێکارییە دەرکراوە کە شەریفە محەممەدی لە هیچ قۆناغێک لە ژیان و کار و چالاکیدا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ تەشکیلاتی کۆمەڵە نەبووە. هێزە ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئیسلامی لە پەروەندەسازییەکی ئەمنیەتیدا، شەریفە محەممەدییان بە ئەندامیەتی لە " کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" تۆمەتبار کردووە و ئەم ڕێکخراوە عەلەنی و سەربەخۆ کرێکارییەیان سەربە کۆمەڵە ڕاگەیاندووە. کۆمەڵە لەمبارەیەشەوە لێبڕاوانە ئەم ئیدیعایانە ڕەت دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە " کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" هیچ پەیوەند و نزیکایەتییەکی ڕێکخراوەیی لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبووە و نییە.

دەرکردنی ئەم حوکمە تاوانکارانەیە لەدژی شەریفە محەممەدی بەر لەوەیکە حوکمێکی یاسایی دژبەم چالاکە کرێکارییە بێت، حوکمێکی سیاسییە و هەموو هەڵسووڕوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بەتایبەت ئەو بەشە لەو هەڵسووڕاوانەی بۆ قۆناغێک لە کۆمیتەی هاوئاهەنگیدا چالاک بوون، کردووەتە نیشانە. لەڕاستیدا ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی دەیهەوێ گشت چالاکانی کرێکاری و کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی درێژەی هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران، درێژەی هێرش بۆسەر ژنانی بێ حیجاب لە جەرگەی تەبلیغات و کێبڕکێی قیزەونی شانۆی ئینتخابات و شکستی یەک لە دوای یەکی ڕژیم لە چەند مانگی ڕابردوودایە. سەرانی حکوومەتی ئیسلامی دڵنیا دەکەینەوە کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی، شکستە هەمەلایەنەکانیان قەرەبوو ناکاتەوە و ناتوانێ مانەوەی دەسەڵاتی تاوانکاریان زەمانەت بکات.

بێگومان ڕژیم بە دەرکردنی ئەم ئەحکامە جەنایەتکارانەیە دژبە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری، خۆی لە لێواری هەڵدێر نزیکتر دەکاتەوە. ئەمجارە دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ بەهێزتر لە ڕابردوو لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان و ئەشکەنجەگاکانی ڕژیم هاوار دەکرێت. کۆمەڵە وێڕای ئەوەیکە بۆ جارێکی تر هەر جۆرە ئیدیعای پەیوەندیی شەریفە محەممەدی لەگەڵ تەشکیلاتی کۆمەڵە و پەیوەندیی "کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەتوندی ڕەت دەکاتەوە، داوا لە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب دەکات کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی و بە بەرزکردنەوەی دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، ڕژیمی ئیسلامی بۆ ئازادیی شەریفە محەممەدی و سەرجەم زیندانیانی سیاسی و کرێکاران و موعەلیمانی زیندانی بخەنە ژێر فشارەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٤ی پووشپەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی

٤ی جولای ٢٠٢٤ی زایینی

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# سەبارەت بە مەحکوومکردنی هێرشی ئاسمانی و زەمینیی ئەرتەشی تورکییە بۆسەر کوردستانی عێراق

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی مانگی پووشپەڕ ئەرتەشی داگیرکەری تورکییە لە هێرشێکی ئاسمانی بەریندا بە فڕۆکەی جەنگی و درۆن، ٣٧ خاڵی لە دەوروبەری شارەکانی "ئامێدی"، "پشدەر"، "شارباژێر"، "پێنجوێن و بەرزاییەکانی چیای "قەندیل"، "مەتینا"، "گارە"، "خواکورک"، "ئاسۆس" و گوندەکانی دەوروبەریانی بەتوندی بوردومان کرد و ئاگری تێبەردا. هەتا ئێستا ئاماری تەڵەفات و خەساراتی ئەم بۆمبارانە ئاشکرا نەبووە. بەڵام بێگومان ئەم بۆمبارانە بەتایبەت لەم وەرزەدا کە خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم ناوچانە خەریکی کار و کۆکردنەوەی بەرهەمی ڕەنج و کاری ساڵانەی خۆیانن، خەسارەتی زۆری لێدوان و خەڵک مەجبوور بوون شوێنی کار و ژیانی خۆیان لەو ناوچانە بەجێبهێڵن. دەزگاکانی



سیخوڕی و ئەمنیەتی دەوڵەتی تورکییە ڕۆژی سێشەممە لەناو شاری سلێمانیش لە هێرشێکی تیرۆریستیدا ئۆتۆمبێلێکی سەربە یەکێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقیان تەقاندەوە و بەهۆیەوە دوو کەس بەتوندی بریندار بوون. هێرشی زەمینی و ئاسمانی ئەرتەشی تورکییە ساڵەهایە بە بیانووی حزووری "گەریلاکانی پەکەکە"، ژیان و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی کوردستانی لە تورکییە، عێراق و سووریە خستووەتە مەترسییەوە. ئەرتەشی داگیرکەری تورکییە بەدرێژایی سنوور هەتا قووڵایی ٣٠ کیلۆمیتر هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە و پایەگای نیزامی جۆراوجۆری لە ناوچە سنوورییەکان دامەزراندووە و لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا سەدان تانکی دیکەی لەم پایەگایانە جێگیر کردووە.

هێرشی ئاسمانی و زەمینی تورکییە بۆسەر عێراق، نە بەرەوڕووی کاردانەوەی ئەمریکا بووەتەوە کە هێشتا کۆنترۆڵی ئاسمانی عێراقی لە ئیختیار دایە و نە دەوڵەتی عێراق و تەنانەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان دژبەم هێرشە نیزامییە هەڵوێستیان گرتووە. هێرشی بەرینی ئاسمانی ئەرتەشی تورکییە بۆسەرهەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە

ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە ڕۆژی پێشتری لە شاری عەفرینی "ڕۆژئاوا" حەوت کەس لە نارازییانی بە تاوانی هێنانەخواری ئاڵای تورکیە و ئاگرتێبەردانی گولەباران کرد و کوشتنی. ئەوان دروشمی وەک چوونەدەری تورکیە لە سووریەیان دەوتەوە. ئەم جەنایەتەی دەوڵەتی تورکیە هاوشێوەی جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ڕەگەزپەستی ئیسرائیل لە لێوارئاوی ڕۆژئاوایە. بەڵام ئاکامی ساڵەها هێرش و دەستدرێژی نیزامی تورکیە بۆسەر کوردستان بێجگەلە وێرانی و ئاوارەیی و خەسارەت و تەڵەفاتی گیانی بۆ خەڵکی ناوچەکە، هیچ شتێکی تر نەبووە. هەڵبەت بۆ دەوڵەت و ئەرتەشی داگیرکەری تورکیەش لە هەمان حاڵدا کە هەزینەی زۆر و تەڵەفاتی گیانی بەرینی بووە، نەتەنیا هیچ دەستکەوتێکی نەبووە بەڵکوو ئەم سیاسەتە داگیرکەرانەیە بەرەوڕووی شکست بووەتەوە.

هێرشی جەنایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیە لە دەرەوەی سنوورەکان نیشانەی بنبەستی سیاسی ئەردۆغان و شکستی سیاسەتەکانی حکوومەتی تورکیەیە. ئەم بۆمبارانە لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێت کە دەوڵەتی ئەردۆغان لە ناوەوەی تورکیە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی ڕووبەڕوویە. هاتنەخواری بەردەوامی بەهای لیری تورکیە، هەژاری و گرانی و بێکاری بەرین و شەپۆلی نارەزایەتی لەدژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەردۆغان، کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی ئەوی نزیک کردووەتەوە. ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیە، شکستێکی قورسی بۆ "ئاک پارتی" و شەخسی ئەردۆغان تۆمار کرد. لەئاستی ناوچەکەشدا، سیاسەتە ناتەباکانی دەوڵەتی تورکیە تووشی سکست بووە و پێگەی ناوچەیی ئەردۆغان لەئێستادا هێندە لاواز بووە کە بۆ دەربازکردنی خۆی دەست بە داوێنی بەشار ئەسەد بووە. ئەگەر دە ساڵ لەمەوبەر ئەردۆغان بەشار ئەسەدی بە جەنایەتکارێکی جەنگی و قاتڵی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سووریە ناو لێدەبرد، ئەگەر بۆ ڕووخاندنی ڕژیمەکەی ئەحزاب و گرووپە تیرۆریستەکانی پێکدێنا و سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان دەکرد، لەئێستادا زەبوونانە داوا لە بەشار ئەسەد دەکات کە لەگەڵ تورکیە پەیوەندی دیپلۆماتیک دەست پێ بکاتەوە و تەنانەت ناڕاستەوخۆ ئامادەیی ئەوەشی دەربڕیوە کە مەرجەکانی بەشار ئەسەد بۆ چوونەدەر لە باکووری سووریە قەبووڵ بکات.

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هێرشی نیزامی بەرینی دەوڵەتی تاوانکاری تورکیە بۆسەر کوردستانی عێراق و درێژەی داگیرکارییەکانی لە کوردستانی سووریە بەتوندی مەحکووم دەکات. دەستدرێژییەکانی حکوومەتی تورکیە کە بە چرای سەوز و بە سات و سەودا لەگەڵ زلهێزە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتانی سەرمایەداری ناوچەکە ئەنجام دەدرێت، تەنها بە نارەزایەتی بەرینی جەماوەری لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بە پشتیوانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، بیروڕای پێشکەوتنخوازی تورکیە، هێز و ئینسانە خەباتکار و ئازادیخوزەکان لەئاستی ناوچەکە و جیهان، بەرەوڕووی شکست دەبێتەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٤ی پووشپەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی

٤ی جولای ٢٠٢٤ی زایینی

***

## کۆبوونەوەی شەڕخوازانەی ناتۆ لە ئەمریکا؛ "کوشتن ڕابگرن، ئاگربەست هەر ئێستا"

ڕۆژی سێشەممە ١٩ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣ حەفتا و پێنجەمین کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور "ناتۆ" بە بەشداری ڕێبەرانی ٣٢ وڵاتی ئەندامی ئەم پەیمانە نیزامییە لە واشنگتۆن دەستی بە کار کرد. هەروەها سەرۆکی حکوومەتەکانی دیکە لەوانە هاوبەشەکانی ناتۆ لە ئاسیا و ئوقیانووسیە (ئۆسترالیا، ژاپۆن، نیوزیلەند، کۆرەی باشوور) و ئۆکراینیش لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون. ئەم کۆبوونەوەیە بەتەواوی لەسەر شەڕی ئۆکراین چڕ بووەوە. جۆو بایدن وەک میوانداری ئەم کۆبوونەوەیە، لە دەستپێکدا لەسەر گرینگی پەیمانی ناتۆ و دەورونەخشی لەسەر سەقامگیری نێونەتەوەیی تەئکیدی کرد و وتی: "دیکتاتۆرەکان دەیانهەوێ نەزمی جیهانی تێکبدەن. بەڵام ئێستا ناتۆ بەهێزتر لە هەمیشە لە مێژووی خۆیدایە. ئەم ساتەوەختە لە مێژوو، پێویستی بە هێزی بەکۆمەڵی ئێمەیە. پوتین بەشوێن سڕینەوەی ئۆکراین لەسەر نەخشەی جیهانە، بەڵام لێتان تێک نەچێ، ئۆکراین تەنیا بە پشتیوانی هەموومان دەتوانێ بەربە پوتین بگرێ". بایدن کە دەیهەویست لەم دەرفەتە بۆ تەبلیغاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ، مێداڵی بەناو "ئازادی" لە گەردنی "یەنس ستوڵنبێرگ" سکرتێری شەڕخوازی ناتۆ کرد.

سکرتێری گشتیی ناتۆش لە وتاری دەستپێکی ئەم کۆبوونەوەیەدا بۆ جارێکی تر داوای لە هەموو ئەندامانی ناتۆ کرد تا پشتیوانی خۆیان لە ئۆکراین زیاتر بکەن. ئەو وتی: "شەڕی ئۆکراین ئەمنیەتی جیهانی چەندین دەیە دیاری دەکات. ئەم بابەتە هەزینە و مەترسی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت. ڕووسیە، چین و ئەوانی تر دەیانهەوێ ناتۆ شکست بێنێ. سەرکەوتنی ڕووسیە لەم شەڕە ئەوان جەسوورتر دەکات". لەم پەیوەندییەدا جۆو بایدن لەگەڵ ڕێبەرانی دەوڵەتانی ئاڵمان، ئیتالیا، هۆلەند، ڕۆمانی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا باسیان لە ڕادەستکردنی پێنج سیستەمی پاتریۆت و پەدافەندی هەوایی ستراتێژیک بە ئۆکراین کرد. لەلایەکی دیکەوە قەرارە پێنج دەوڵەتی ئەندامی ناتۆ (ئەمریکا، بێلژیک، دانمارک، هۆلەند و نۆروێژ)، دەیان سیستمی نوێی بەرگریی ئاسمانی بۆ ئۆکراین بنێرن. بلینکێن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش باسی لە دەسپێکی ناردنی جێتی ئێف ١٦ بۆ ئۆکراین کرد و وتی: "تا کۆتایی ساڵ بەستەیەکی یارمەیتی بەرگریی ئاسمانی دیکە دەدرێتە ئۆکراین و ئەمە ئەندامیەتیی ئۆکراین لە ناتۆ زیاتر لە ڕابردوو بەهێز دەکات". بەڵام جگە لە یارمەتی نیزامی، ئەمریکا هەتا ئێستا ١١٣ ملیارد دۆلار یارمەتی شەڕی ئۆکراینی داوە. مەجلیسی سێنای ئەمریکا لە فێوریەی ئەمساڵدا گەڵاڵەی یارمەتی ٦٠ ملیارد دۆلاری دەوڵەتی بایدن بە ئۆکراینی پەسند کرد. دەوڵەتەکانی ئاڵمان، بریتانیا، نۆروێژ، دانمارک، هۆلەند، کانەدا، سوێد و فنلاندیش بەگشتی ٤١ ملیارد دۆلاریان کۆمەک بە شەڕی ئۆکراین کردووە.

لەو نێوەدا زێلنسکی سەرۆک کۆماری ئۆکراین کە ئامرازێکە لە دەستی ئەمریکا و دەسەڵاتە ئورووپاییەکان بۆ بەرەپێشبردنی نەخشەکانیان، نەزانانە داوای کرد کە چەکی تەهاجومی بۆ ئۆکراین بنێردرێ. غافڵ لەوەیکە ئەمریکا و شەریکەکانی



بۆ ڕەقابەت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چین و ڕووسیە کەوتوونەتە دۆخێکی هێندە دژوارەوە کە لەماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو ئیمکاناتیان نەیانتوانیوە سەرکەوتنێک لەم شەڕەدا بەدەست بێنن. گرینگی بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوە تەدافوعیەی ناتۆش پەیداکردنی ڕێکارێکە بۆ شاردنەوەی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئەمریکا و دەوڵەتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا. لێدوانەکانی بایدن و ستۆڵنبێرگ و باقی بەرپرسانی ئەمریکا و ئوروپا لەم کۆبوونەوەیەدا، لە هەمان کاتدا کە نیشانەی لاوازی و ناتەبایی و هاوکاری نەکردنی هەموو ئەندامانی ناتۆیە، هەوڵێکیشە بۆ هاندانیان بە مەبەستی یارمەتی و پشتگری زیاتر بۆ ئەوەی ئەم شەڕە لەگەڵ ڕووسیە و چین زیاتر پەرەپێبدەن. تەرخانکردنی بودجەیەکی وەها گەورە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەم شەڕەدا، لەکاتێکدایە کە ستۆڵتنبێرگ لە لێدوانێکی بەئاشکرا ناتەبا دانی بەوەدانا کە: "ڕووسیە هیچ هەڕەشەیەکی سەربازی نزیک بۆ سەر ناتۆ دروست ناکات".

لەڕاستیدا ڕەقابەت و کێشمەکێش لە نێوان دوو جەمسەری جیهانی سەرمایەداری چین و ڕووسیە لە بەرامبەر ئەمریکا و زلهێزەکانی سەرمایەداری ئورووپا نیشانەی کێبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانە لەپێناوی گۆڕینی نەزمی جیهانی یەک جەمسەری و لەپێناوی هاتنە مەیدانی جەمسەرەکانی دیکەی سەرمایەداری. شەڕ و کێشمەکێش لەسەر دابەشکردنەوەی جیهان لەنێوان خۆیانە تا هاوسەنگی بەرەو

چەوساندنەوەی هێزی کار و قازانجی زیاتر بگۆڕن. یارمەتیی بەرینی دارایی ئەمریکا و هاوبەشەکانی بە شەڕی ئۆکراین لە کاتێکدایە کە بوودجەی پێویست بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی برسی ئەفغانستان تەنیا یەک ملیارد دۆلارە و هێشتا دەوڵەتانی سەرمایەداری کە هۆکاری شەڕ و هەژاری و برسیەتیی خەڵکی ئەفغانستانن، حازر بە دابینکردنی نین. بە پارەیەک کە دەوڵەتەکان لە سفرەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم وڵاتانە بۆ شەڕی ئۆکراین داویانە، دەکرێ هەزینەی خۆراک بۆ هەموو خەڵکی برسی لە سەرتاسەری دنیا دابین بکرێت و منداڵان لە مەرگ و برسیەتی ڕزگاریان بێت.

هەڵبەت لەم بارودۆخەدا، چەندین بزووتنەوە لەلایەن جەماوەری هوشیار و پێشکەتنخوازەوە لە ئەمریکا دژبە شەڕخوازی و دژبە یارمەتی بەرینی ئەمریکا بۆ شەڕی ئۆکراین کە لە سفرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەکێشەوە دابین دەکرێت، کەوتووەتە ڕێ. لەم پەیوەندییەدا چەندین هاوپەیمانی پێکهاتوو لە ڕێکخراو و گرووپە ئاشتیخوازەکان لەئاستی ئەمریکا و جیهان لەژێرناوی "ئاشتی لە ئۆکراین"، شکڵی گرتووە. بڕیارە ئەم هاوپەیمانییە لە نێوان ٠٣ی سێپتامبر تا ٨ی ئۆکتۆبەر هەڵمەتێک بە ناوی "ڕۆژانی جیهانی چالاکی بۆ ئاشتی" دەستپێبکات بۆ ئەوەی حکوومەتی ئەمریکا ناچار بکات لە ئاشتی نزیکبێتەوە و دانوستان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئۆکراین بکات. لە بەیاننامەیەکدا کە ئەم هاوپەیمانییە بڵاویکردووەتەوە، ڕایانگەیاندووە: "ئێمە دژی شەڕی ئیمپریالیستین. هاوپەیمانییەکەمان دژی هێرشی ڕووسیەیە بۆ سەر ئۆکراین و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پەرەسەندنی ناتۆ بووەتە هۆی ئەم قەیرانە. بەڵام چالاکی هاندەرانەی ناتۆ هەرگیز پاساوێک بۆ هێرشکردن بۆسەر ئۆکراین نییە و بەرەو شەڕی جیهانی سێهەممان دەبات. ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەو گەمارۆیانە هەڵبگیرێن کە زیان بە خەڵکی ئاسایی ڕووسیە دەگەیەنن. داوا لە هەموو وڵاتان دەکەین ئەو پەنابەرانە وەربگرن کە لەم شەڕە ڕایانکردووە". لەم بەیاننامەیەدا دروشمەکانی کەمپەینی ٨ ڕۆژەش دیاری کراوە لەوانە: (کوشتن لە هەموو بەرەکان ڕابگرن. ئاگربەست هەر ئێستا. ئێمە خوازیاری دانوستان بۆ ئاشتین، نەک ناردنی چەک بۆ شەڕ. ملیاردها دۆلار بۆ نیازی ئینسانەکان، نەک بۆ قازانجبەرانی شەڕ. نابوودیی چەکی ئەتۆمی، نەک شەڕی ئەتۆمی).

کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا لە هەموو شوێنێک پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی شەڕخوازانەی زلهێزەکانی سەرمایەداری و دەوڵەتانی ناوچەکە، بە وەڕێخستنی بزووتنەوەی جەماوەری لە ناڕەزایەتی دژبە شەڕ و ئینسانکوشتن و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا، بەر بە پەرەسەندن و درێژەی ئەم شەڕانە بگرن. ئەو پووڵە کەڵانانەی کە دەوڵەتەکان دەیکەنە خەرجی شەڕ و وێرانی، پێویستە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ڕزگاری خەڵکی جیهان لە هەژاری و برسیەتی تەرخان بکرێت.

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ "شەریفە محەممەدی" چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان کرێکاری زیندانی "شەریفە محەممەدی" کە لە زیندانی لاکانی ڕەشت زیندانی کراوە بە حوکمی لقی یەکی دادگای ڕژیم لە ڕەشت بە ئێعدام مەحکووم کراوە. "شەریفە محەممەدی" ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو بەهۆکاری چالاکی کرێکاری دەستگیر و دوای تۆمەتبارکردنی بە "بەغی" لەلایەن بێدادگای ڕژیمەوە بە مەرگ مەحکووم کرا. سەندیکای کرێکاری شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاران و دەوروبەر لە ڕاگەیاندنێکدا، تۆمەتی "بەغی" لەدژی "شەریفە محەممەدی" چالاکی کرێکاری خەڵکی ڕەشت بەتوندی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەم تۆمەتە بەتەواوی درۆ و بێبنەمایە. سەندیکای شیرکەتی واحید وێڕای خواستی ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی ئەم چالاکە کرێکارییە،



وەها کردەوەیەکی ڕژیمی سێناریۆسازی و درێژەی ئازار و ئەزیەتی سیستماتیک لەدژی چالاکانی کرێکاری وەسف کردووە.

"شەریفە محەممەدی" چەندین مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا ڕاگیرا و بەردەوام لەژێر فشاری دەروونی و جەستەیی و هەڵسووکەوتی نەشیاوی هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕژیمدا بوو تا ئیعتراف بەو تاوانانە بکات کە بۆیان دیاری کردبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەندیکای واحید، فشارەکان بۆسەر ئەم چالاکە کرێکارییە لەئاستێکدا بووە کە نیگەرانی و ناڕەزایەتی بەرپرسانی زیندانی ڕەشتی لێکەوتووەتوە و ترسی ئەوەیان بووە گیانی لەدەست بدات.

دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ "شەریفە محەممەدی" لە درێژەی پەرەپێدانی هەڵسووکەوتی ئەمنیەتی و قەزایی ئۆرگانەکانی سەرکوت و تۆقاندنی ڕژیم لەدژی هەڵسووڕاوانی کرێکاری، موعەلیمان، خانەنشینان و چالاکانی بزووتنەوەی ژنان ئەنجام دەدرێت و بەشێکە لە پرۆژەی ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا و ڕێگری لە چالاکی کرێکاری و کۆمەڵایەتی. ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بەباشی دەزانێ کە لەسەر گڕکانی تووڕەیی و بێزاری زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران حکوومەت دەکات و هەردەم ئەگەری هەڵچوون و ڕامالینی دەسەڵاتی هەژاری و سەرکوت و کۆنەپەرستی لەئارادایە. کارگێڕانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە ترسی ڕووخان و کۆکرانەوەی بیساتی چەوسانەوە و سەرکوت و ماشێنی کوشتارەکەیان، وەک هەمیشە هەوڵ دەدەن بە دەرکردنی ئەمجۆرە ئەحکامە کۆنەپەرستانە و جەنایەتکارانەیە بەر بە پێشڕەوی و گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران بگرن.

کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران داوا لە هەموو چالاکانی کرێکاری و ئینسانە ئازادیخواز و تێکۆشەرەکان دەکات کە بە هەموو تواناوە حوکمی ئێعدامی "شەریفە محەممەدی" مەحکووم بکەن و بە کردەوەی بەرین و کاریگەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکەن. پێویستە هەرچی زیاتر یەکیەتییە کرێکارییەکان، ناوەندەکانی بەرگریکاری مافی مرۆڤ و دژبەرانی سزای ئێعدام بێنە مەیدان و هەڵمەتێکی جیهانی لەپێناوی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی ئەم کرێکارە شەریف و تێکۆشەرە، بخرێتە ڕێ.

کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت

ئێعدام کوشتنی بەئەنقەستی دەوڵەتییە و پێویستە دەستبەجێ ڕابگیرێت

کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٤ی جولای ٢٠٢٤

***

# لوبنان لەبەردەم مەترسیی شەڕی ئیسرائیل و حیزبوڵڵادا

ماوەیەکی کورت دوای دەسپێکردنی شەڕی جەنایەتکارانەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە مانگی ڕەزبەری ڕابردوو، حیزبوڵڵای لوبنان سەربە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وەک ئەندامێکی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"، بە هاویشتنی مووشەک بەرەو ئیسرائیل بوو بە بەرەیەکی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیە. لەم ماوەیەدا مووشەک هاویشتنەکانی حیزبوڵڵا بەرەو ئیسرائیل بەرەبەرە زیاتر بوو. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی شەڕخوازی نەتانیاهۆ هاوکات لەگەڵ درێژەی شەڕ و کۆمەڵکوژی لە غەززە، لە وڵام بەم مووشەک هاویشتنانە، بە هێرش کردنە سەر بنکەکانی حیزبوڵڵا و بە کوشتنی بەرپرسانی پلەبەرزی، زەربەی قورسی لەم هێزە نیابەتییەی کۆماری ئیسلامی داوە و خەڵکی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی ناچار کردووە ماڵ و شوێنی ژیانیان جێبهێڵن. بەهۆی ئەم تێکهەڵچوونە پەراکەندانە لەم ماوەیەدا زیاتر لە ٤٠٠ کەس کوژراون کە زۆربەیان ئەندامان و فەرماندەکانی حیزبوڵڵا بوون و نزیک بە ٨٠ کەس لەم ژمارەیەش خەڵکی مەدەنی لوبنان بوون. لە بەرەی ئیسرائیلیش ١٦ سەرباز و ١١ کەسی مەدەنی دانیشتووی ناوچەکانی باکووری ئیسرائیل کوژراون.



نیگەرانییەکان سەبارەت بە پەرەسەندنی شەڕ لە نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیل لەماوەی دوو حەفتەی ڕابردوو بەهۆی توندبوونەوەی پروپاگەندە و کردەوەی شەڕخوازانەی هەر دووک لا یەکجار زیادی کردووە و ئەگەری داگیرسانی شەڕێکی بەتەواو مانا، کە ئاگرەکەی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگرێ، یەکجار بەرز بووەتەوە. چالاکی جەنگی و جموجۆڵی هەر دووک لا لەم ماوەیەدا زیادی کردووە. بۆ نموونە: سێشەممە ٢٩ی مانگی جۆزەردان ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل ڕایگەیاند کە: "گەڵاڵەی هێرش بۆسەر لوبنانی ئامادە و پەسند کردووە". نەتانیاهۆ ڕایگەیاند کە بەشێک لە هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەنێرێت. لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیل وەزیری بەرگریی خۆی ڕەوانەی ئەمریکا کرد تا گەڵاڵەی هێرش بۆسەر باشووری لوبنان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەفتەی ڕابردوو هوکستین نوێنەری بایدێن چووە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا بە حیزبوڵڵا سەبارەت بە درێژەی هاویشتنی مووشەک بەرەو ئیسرائیل هۆشدار بدات. ناوبراو ئەم پەیامەی ئەمریکای لەڕێگەی "نەبی بری" سەرۆکی پارلەمانی لوبنانەوە گەیاندە حیزبوڵڵا. پەیامەکە ئەوە بوو: "ئەگەر مووشەک هاویشتنی حیزبوڵڵا درێژەی بێت، ئەمریکا ناتوانێ لە هێرشی زەمینی ئیسرائیل و داگیرکردنی لوبنان ڕێگری بکات".

بەدوای ڕاگەیاندنی ئەرتەشی ئیسرائیل حەسەن نەسروڵڵا دەستبەجێ ئامادەیی خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاند و هەڕەشەی کرد کە "تاکتیکی شەڕی بێ یاسا بەکار دێنین و باکووری ئیسرائیل داگیر دەکەین و ئەمنیەتی ئیسرائیل لە هەموو شوێنێک دەخەینە مەترسییەوە". حەسەن نەسروڵڵا هەروەها هەڕەشەی لە دەوڵەتی قیبرس کرد کە ئەگەر پایەگاکانی خۆی بۆ هێرش بۆسەر حیزبوڵڵا بخاتە ئیختیار ئیسرائیلەوە، بە مووشەک هێرشی دەکرێتە سەر. هاوکات گوردانەکانی حیزبوڵڵای عێراقیش ئامادەیی خۆیان بۆ چوون بۆ لوبنان و شەڕ بەرامبەر بە ئیسرائیل بە ئاگاداری سپای پاسداران گەیاند. (ئەم گرووپە تیرۆریستە بە سەرۆکایەتی ئاخوند قەیس خەزعەلی، گرووپێکی میلیشیای عێراقی سەربە سپای پاسدارانە). ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت" ڕۆژی چوارشەممە ٦ی مانگی پووشپەڕ ئاشکرای کرد کە: "لەسەر داوای حیزبوڵڵای لوبنان، فەرماندەیەکی باڵای سپای پاسداران لە بەغدا لەگەڵ بەرپرسانی "کەتائیبی حیزبوڵڵا"ی عێراق دیداری کردووە تا ئەوان لە پیلانی ئەم گرووپە بۆ پشتیوانی نیزامی لە حیزبوڵڵا بەدژی ئیسرائیل ئاگادار بکاتەوە. ئەو فەرماندەیەی سپا بەوانی وتووە کە ئەم کردەوەیە پێشوەختە و ئەرکی ئێوە لەئێستادا ناردنی یارمەتی نیزامی بۆ حیزبوڵڵای لوبنانە.

بێگومان لە ئەگەری سەرهەڵدانی وەها شەڕێکدا، ئەوە خەڵکی ڕەنجدیدەی لوبنانن کە دووبارە دەبنەوە قوربانی و ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ دەبن. بارودۆخی ئابووریی لوبنان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا یەکجار قەیراناوی بووە. بەهۆی ئەم قەیرانانە دەوڵەتی لوبنان چەندین جار تووشی وەرشکستەیی بووە. بەڵام هەموو جارێ بە یارمەتی ماڵیی فەڕانسە و دەوڵەتانی دیکەی سەرمایەداری بەشێوەی کاتی لەم وەرشکستەیی و دارمانە دەرباز بووە. لە بواری سیاسیشەوە حکوومەتی لوبنان لە نێوان سێ گرووپی ئایینی سوننی، شیعە و مەسیحی مارووتیدا دابەش بووە. لەم ماوەیەدا بەتایبەت بەهۆی دەخاڵەتی زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی حیزبی دەستسازی واتە "حیزبوڵڵا"، لوبنان بەرەوڕووی پشێوی و ناسەقامگیریی بووەتەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا داگیرساندنی شەڕ بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل وەک نیعمەتێک وایە. چونکە نەتانیاهۆی تاوانکار هەوڵ دەدات شەڕ لە غەززە درێژە پێ بدات و بەرەیەکی شەڕی دیکەش لە باکووری ئیسرائیل دژبە حیزبوڵڵا بکاتەوە تا لە ڕێگەی درێژەدانی شەڕەوە بتوانێ لە بەدواداچوونی قەزایی بۆ دۆسیەی گەندەڵییەکانی دەرباز بێت و لە ڕووخانی دەوڵەتەکەی ڕێگری بکات. بەرەیەکی دیکەی ئەم شەڕە خامنەیی و ڕێبەری سپای پاسداران و حەسەن نەسروڵڵان کە لە شەڕی سنووردار و کۆنترۆڵکراو وەک ئامرازێک بۆ فشار هێنان بۆ ئیسرائیل کەڵک وەردەگرن. عەلی خامنەیی گەلێک جار باسی لە زەرووەتی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جوگرافیا کردووە. خامنەیی ڕۆژی ١٤ی مانگی جۆزەردان لە ستایشی داگیرساندنی شەڕی غەززەدا ڕایگەیاند: " تۆفانی ئەقسا لەپێناوی پێویستییەکی گرینگی ناوچەکە و لەپێناوی زەربەلێدانێکی ئەساسی لە ئیسرائیل بوو کە دروست لەسەر وەختی خۆیدا ڕووی دا". لە ڕوانگەی خامنەییەوە گرینگبوونی هێرشی تیرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبر لەوەدا بووە کە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیلی بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستان پووچەڵ کردووەتەوە. بۆ خامنەیی کوژرانی ٤٠ هەزار ئینسان و ئاوارەیی و بێ خانە و لانەیی دوو ملیۆن کەس و وێران بوونی شار و ژێرخانەکانی ناوچەی غەززە، لە بەرامبەر تێکچوونی کاتیی پرۆسەی پەیوەندی ئیسرائیل و عەرەبستان بەهایەکی گەورە نییە و دەبێ لەلایەن خەڵکی فەلەستینەوە بدرێت.

لە وەها هەلومەرجێکدا پەرەسەندنی نارەزایەتی جەماوەری لە ناوەوەی ئیسرائیل و لوبنان و فەلەستین و گەشەکردنی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی دژبە شەڕ چ لە غەززە و لوبنان و چ لە ئاستی ناوچەکە، دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئاشتی و دژبە شەڕخوازی دەوڵەتی ئیسرائیل و حیزبوڵڵا و حەماس و کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت. بەڵام ئەوە خودی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەملێکراوی فەلەستین، ئیسرائیل و لوبنانن کە نابێ چاوەڕوانی بڕیاری دەوڵەت و تاقمە تیرۆریستەکان سەبارەت بە درێژەدانی شەڕ بن. بەڵکوو بە بەشداریی هوشیارانە و ڕێکخراو، بە قایمکردنی پەیوەندی نێوان خۆیان و بەهێزکردنی هاوپشتیی جیهانی لەگەڵ بزووتنەوەی دژی شەڕ، دەتوانن لە بەرپێوەبردنی پرۆژەی شەڕخوازانەی دەسەڵاتداران و تاقمە نیابەتییەکان ڕێگری بکەن.

***

# درێژەی تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەروبەندی قەبووڵکردنی ئاگربەستدا

لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ لە ناوەوەی ئیسرائیل لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری ڕۆژانە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوان بەرەوڕوویە، بەڵام بەردەوام لەسەر درێژەی شەڕ تا نابوودی حەماس پێداگری دەکات. ڕۆژی یەکشەممە ٧ی مانگی جولای دروست ٩ مانگ لە هێرشی گرووپی تیرۆریستی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو بۆسەر شاروچکەنشینەکانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان تێدەپەڕی. لەم ڕۆژەدا خەڵکی نارازی لە سەرتاسەری ئیسرائیل، وێڕای بەدەستەوەگرتنی وێنەی بەدیلگیراوان و دروشم و پلاکارد ڕژانە سەر شەقامەکان و بە داخستنی ڕێگاکان و وتنەوەی دروشم لەدژی دەوڵەت، کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. خەڵکی نارازی داوایان لە دەوڵەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆ کرد کە بۆ زەمانەتکردنی ئازادی ئەو بەدیلگیراوانەی لەدەستی حەماسدا ماون لەگەڵ ئەم



گرووپە بگەنە ڕێککەوتن.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەرتەشی ئیسرائیل لە هەمان ڕۆژی یەکشەممە و ڕۆژی پێشتری لە چەندین هێرشدا کە نموونەی بەرچاوی جەنایەتی جەنگین، دوو خوێندنگای لە ناو غەززە بوردومان کرد. فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل ڕۆژی شەممە ٦ی مانگی جولای لە هێرش بۆسەر خوێندنگایەک لە ئۆردووگای نەسیرات لە ناوەندی غەززە کە لەژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، لانیکەم ١٦ کەسیان کوشت و زیاتر لە ٥٠ کەسیشیان بریندارکرد. ژمارەیەک لەم کوژراو و بریندارانە منداڵ بوون. ئەم هێرشە ئاسمانییەی ئیسرائیل بۆسەر بینای گەورەی ئەم خوێندنگایە کە سەرپەنای زیاتر لە حەوت هەزار ئاوارەی غەززەیە، خەسارەتی زۆری لێکەوتووەتەوە. ڕۆژی دواتریشی خوێننگایەکی کاتۆلیک لە ناوەڕاستی شاری غەززە کرایە ئامانجی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل و بەهۆیەوە خەسار و تەلەفاتی بەرینی لێکەوتەوە. ئەم هێرشانە لە لایەن ئیسرائیلەوە بەبیانووی بوونی کەسانی چەکداری حەماس ئەنجام دەدرێت. بەڵام هێرش بۆسەر ئەم ناوەندانە بە هەر پاساوێکەوە بێت، لە یاسای نێونەتەوەییدا تاوان و جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی پێناسە دەکرێت. ئەنجامدانی ئەمجۆرە هێرشانە بەتایبەت لە دۆخێکدا کە ڕێوشوێنی ئاگربەست بەڕێوەدەچێت، نیشانە ی ئامادە نەبوونی حکوومەتی ئیسرائیلە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. وەها هێرشگەلێکی جەنایەتکارانە نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ بایەخێک بە خواست و داوای خەڵکی ئیسرائیل بۆ کۆتاییهێنانی شەڕ و گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوان نادات.

ئاشکرایە بۆ شەخسی نەتانیاهۆ و باقی ڕەوتە ڕاست و فاشیستەکانی ئیسرائیل درێژەی ئەم شەڕە سەرەڕای تێچووی قورسی ئینسانی و ماددی و سەرەڕای ئەوەیکە هەتا ئێستا بە هیچ کام لە ئامانجە دیاریکراوەکانیان نەگەیشتوون، پێویست و زەرووریە. هەربۆیە دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو جۆرە گەڵاڵەیەک بۆ ئاگربەست و کۆتایی شەڕ بەرەوڕووی بنبەست دەکاتەوە. لەم دواییەدا کە جۆو بادین لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندایە، بە ئامانجی تەبلیغاتی ئینتخاباتی گەڵاڵەیەکی سێ قۆناغیی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی غەززە پێشنیار کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەمریکا هەتا ئێستا بە پشتیوانی هەمەلایەنەی دارایی، نیزامی و دیپلۆماتیک لە ئیسرائیل، خۆی درێژەپێدەری ئەم شەڕە تاوانکارانەیە بووە و لە هەموو ئەو جەنایەتانەدا کە دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە ئەنجامی داوە شەریک و هاوبەشە.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە فشاری بیروڕای گشتی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ئیسرائیل و چ لەئاستی جیهانی بەدژی ئەم شەڕ و کۆمەڵکوژییە، هەم دەوڵەتی ئیسرائیل و هەم ڕەوتی کۆنەپەرست و تیرۆریستی حەماس ناچار دەکات بە هەر قیمەتێک بێت ئاگربەست و کۆتایی شەڕ قەبووڵ بکەن. حەماس کە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی بە بیری پرتووکاو و کۆنەپەرستانەوە دەیان ساڵە تەپڵی نابوودیی ئیسرائیل دەکوتێ، لەئێستادا یەکجار لاواز بووە و کەوتووەتە پەراوێزەوە. ئێستا ئیتر بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش پاراستن و پشتیوانیکردن لە حیزبوڵڵای لوبنان بووەتە ئەولەوییەت. دەوڵەتە عەرەبییەکانیش هەتا ئێستا نەتەنیا لە حەماس بەڵکوو لە خەڵکی بێدیفاع و ستەمدیدەی فەلەستینیش پشتیوانییان نەکردووە. لەم ڕووەوە درێژەی ئەم بارودۆخە بۆ حەماسیش مومکین نییە. هەربۆیە لە بەرامبەر مەرجەکانی ئیسرائیل بۆ ئاگربەست هەموو جارێ حەماس وێڕای چەند مانۆڕێک، ناچار بە پاشەکشە و قەبووڵکردنی دەبێت.

لەم پەیوەندییەدا هەواڵنێریی ڕوویتێرز ڕۆژی شەممە ١٦ی مانگی پووشپەڕ لەسەر زاری یەکێک لە کاربەدەستانی باڵای حەماس ڕایگەیاند کە: "حەماس گەڵاڵەی پێشنیارکراوی ئەمریکا بۆ ئاگربەستی کاتی بۆ ماوەی شەش هەفتە و گۆڕینەوەی بەدیلگیراوانی ئیسرائیلی لەوانە پیاوان و سەربازانی قەبووڵ کردووە و لە مەرجی خۆی بۆ قەبووڵکردنی ئاگربەستی دایم بەر لە دەستپێکی گفتوگۆکان وازی هێناوە". ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو حەماس ڕایگەیاندبوو کە "ئایدەی نوێی سەبارەت بە ئاگربەستی پێشنیارکراوی ئەمریکا داوەتە کاربەدەستانی میسر و قەتەر و دەوڵەتی تورکییەشی لەمبارەوە ئاگادار کردووەتەوە".

دەفتەری نەتانیاهۆش ڕۆژی شەممە ٦ی مانگی جولای بە نابەدڵییەوە ڕایگەیاند کە "گفتوگۆی ئاگربەست بە نێوبژایەتیی ئەمریکا و میسر و قەتەر، بۆ ئازادکردنی بەدیلگیراوان هەفتەی داهاتوو دەستپێدەکاتەوە بەڵام هێشتا مەودایەکی زۆر لە نێوان لایەنەکاندا بوونی هەیە". دەفتەری نەتانیاهۆ ڕۆژی ٤ی مانگی جولای ڕایگەیاندبوو کە بە جۆو بایدنی وتووە کە "ئیسرائیل زیاتر لە هەموو شتێکی تر پێداگرە لەسەر ئەوەیکە شەڕ هەتا وەدیهاتنی



هەموو ئامانجەکانی درێژە بدات". کەوابوو ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناردنی هەیئەت بۆ گفتوگۆکان، تەنیا ئازادکردنی بەدیلگیراوان بۆ کەمکردنەوەی فشارە ناوخۆییەکانە، نە کۆتاییهێنان بەم شەڕ و کۆمەڵکوژییە.

لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا هیوا بۆ کۆتایی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیە، هاوپشتی کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز و بیروڕای پێشکەوتنخواز لە ناوەوەی ئیسرائیل و فەلەستین، هاوڕێ لەگەڵ پەرەپێدانی بزووتنەوەی جیهانی پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین دژبە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیلە. "نێوەندگیری" و سات و سەودای ئەمریکا و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەدرێژایی ٧٠ ساڵی ڕابردوو زیاتر لەپێناوی بەرژەوەند و قازانجی داگیرکەرانە و شۆڤێنیستی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بووە و ئاکامێکی بێجگەلە نەهامەتی و کوشتار و ئاوارەیی بۆ خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین نەبووە.

***

## بەیاننامەی حەوت ڕێکخراوی کرێکاری دژبە حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی حوکمی کۆنەپەرستانەی بەغی و ئێعدام، حوکمێکە لەدژی شۆڕشی مەزنی ژن ژیان ئازادی

دەرکردنی حوکمی بەغی و ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری، هێرشی دەسەڵاتدارانە بۆسەر ژنان، خانەنشینان، کرێکاران و هەموو خەڵکی نارازیی ئێران. حکوومەتێک کە لە بەرامبەر خەبات و سەرفرازی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی شکستی هێنا و هەموو یاسا ڕەنگاوڕەنگەکانی و لەشکرکێشی هێزە نیزامییەکانی بۆسەر شەقام بەرەوڕووی شکست بووەوە، چارەی کار لە درێژەی سەرکوت و دەرکردنی ئەحکامی کۆنەپەرستانەدا دەبینێ. دەسەڵاتێک کە لە بەرامبەر نارەزایەتی شەقامی خانەنشیان، کە دەنگی نارەزایەتییان دەنگی هەموو کۆمەڵگایە، زەبوون و بێتوانایە. حکوومەتێک کە لە بەرامبەر یەکگرتن و هێزی کرێکارانی مانگرتوو لە ناوەندەکانی نەوت و پێترۆشیمیدا داماوە، هیچ وڵامێکی پێنادرێتەوە. دەسەڵاتێک کە مەشرووعییەتەکەی



لە بەرامبەر هێزی هاودڵی و یەکگرتوویی خەڵک لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانیدا کەوتووەتە مەترسییەوە. وەها حکوومەتێک بە سێناریۆسازی و دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ژنێک کە هەڵاواردن و نابەرابەریی بۆ قەبووڵ ناکرێ و لە مافی کرێکاران دیفاع دەکات، ناتوانێ بۆ خۆی فورسەت بکڕێ تا ژنان و کرێکاران و خەڵکی نارازی دژبە جەنایەت، کوشتار، هەژاری و هەڵاواردن ناچار بە پاشەکشە بکات.

کۆمەڵگای ئێران، بەتایبەت دوای دەستپێکی نارەزایەتییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر نای بە گشت مووناسباتی سەرکوتگەر وتووە و حازر بە تەحەمولی بارودۆخی نەکبەتباری ئێستا نییە. وەها کۆمەڵگایەک نایهەوێ شایەدی سەرکوتی هەرچی بەرینتری دەسەڵات دژبە ژنان و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بێت. پەرەسەندنی بەردەوامی ئاماری ئێعدام و دەرکردنی حوکمی بەغی بە مانای ئەوەیە کە حکوومەت سیاسەتی خۆی دژبە شۆڕشی خەڵک درێژە دەدات.

خەڵک بەرلە شۆڕشی مەهسا و دواتری لەگەڵ هەموو جۆرە قەتڵ و ئەحکامی کۆنەپەرستانەی حکوومەتی دژایەتییان کردووە و بە هەڵمەتی نا بۆ ئێعدام تەنانەت لە ناو زیندان، هاواری دژایەتیان بەرامبەر بە ئێعدام لەژێر هەر ناوێکدا بەرزتر کردووەتەوە. هەر ئێستا گیانی شەریفە محەممەدی کە حوکمی ئێعدامی بۆ دەرکراوە و گیانی وەریشە مورادی، پەخشان عەزیزی، نەسیم غوڵامی سیمیاری لەگەڵ حوکمی بەغی بەرەوڕوون، لەمەترسیدایە.

ئێمە ژنان، کرێکاران، خانەنشینان، خوێندکاران، موعەلیمان، دادخوازان و پەرستاران و توێژەکانی دیکە کە تەنیا چەکمان لە خەبات دژبە زوڵم و بێعەداڵەتی زاڵ، یەکگرتوویی و یەکڕیزییە، تەشەکول و تەحەزوب بە مافی ئینسانەکانی سەدەی بیست و یەک دەزانین. ئێمە ئەحکامی ئێعدام و بەغی و هەرجۆرە حوکمێکی دیکە کە ببێتە هۆی مەرگ و کەمئەندامبوونی ئینسانەکان مەحکووم دەکەین و هەتا هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم حوکمەکانی لەم شێوەیە ناسرەوین.

داوا لە هەموو خەڵکی نارازی دەکەین کە وێنە و ناوی شەریفە محەممەدی و دەیان زیندانی دیکە کە تەنیا بەتاوانی مافخوازی گیانیان لە مەترسیدایە، لە نارەزایەتی ڕۆژانەی خۆیاندا هاوار بکەن و بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین بۆ ڕزگارکردنی گیانی هەموو ئەو ئینسانانەی لەژێر تیغی ئێعدامدان، تێبکۆشین.

نەسیم غوڵامی سیمیاری، حەمیدڕەزا سەهل ئابادی، ئیحسان ڕوازژیان، ئەمین سوخەنوەر، عەلی هەراتی موختاری، حسێن محەممەد حسێنی، حسێن ئەردەستانی، ئەمیر شاهوەلایەتی، وەحید بنی عامریان، پوویا قوبادی، مەحەممەد تەقەوی، موجتەبا تەقەوی، بابەک عەلیپوور، ئەبولحەسەن مونتەزێر، ئەسغەر دانشفەر بە بەغی تۆمەتبار کراون و هاوشێوەی شەریفە محەممەدی مەترسی ئێعدامکرانیان لەسەرە.

زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ

نا بۆ ئێعدام

وەستاوین هەتا کۆتایی

ژن ژیان ئازادی

واژۆکان:

ئەنجومەنی بەرق و فلزی کرماشان

شۆرای خانەنشینانی ئێران

شۆرای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانی نەوت

شۆرای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی غەیری ڕەسمی نەوت (ئەرکانی سالس)

شۆرای هاوئاهەنگیی نارەزایەتی پەرستاران

دەنگی ژنانی ئێران

ناوەندی دادخوازان

***

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان بۆ ئیدانەکردنی حوکمی سێدارە لەدژی شەریفە محەممەدی

لقی یەکی دادگای ئینقلابی ڕەشت لە حوکمێکی زاڵمانەدا شەریفە محەممەدی، ئەم ژنە چالاکە کرێکارییەی بە ئێعدام مەحکووم کرد. ئەو بەڵگەنامانەی کە بەپێی ئەوان لقی یەکەمی ئەم دادگایە ئەم حوکمە نارەوایەی دەرکردووە، لە بنەڕەتەوە نادروستن و هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە. هەرکەسێک ئەلفوبێی خەباتی مافخوازانە فێربووبێت، بە حوکمێکی لەو شێوەیە سەری سوڕدەمێنێت. چونکە لە ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکی سەربەخۆیان لەپێناوی ئازادیخوازی و یامەرتیدان بۆ دابینکردنی خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان پێناسە دەکەن، یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین بنەماکانیان سەربەخۆبوون لە



دەوڵەت، خاوەنکار، ناوەندە ئایینی و حیزبە سیاسییەکانە. بەتایبەت ئەگەر کەسانی ڕێکخراو لەناو ئەم ڕێکخراوانە قەبووڵیان کردبێ کە لە مەسیری مافخوازی خۆیاندا، شێوازی عەلەنی و یاسایی دەگرنەبەر(لێرەدا بە هیچ شێوەیەک قەزاوەت لەسەر دروستبوون و یان هەڵەبوونی وەها شێوازێک ناکرێت). کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، سەر بە دەوڵەت، خاوەنکار، ناوەندە ئایینییەکان و حیزبە سیاسییەکان نییە. بێجگەلە ئەمە، شەریفە محەممەدی بە ئینتخابی ئازادانەی خۆی چەند ساڵە کە لە ئەندامیەتی کۆمیتەی هاوئاهەنگی وازی هێناوە. هەربۆیە تۆمەتی ئەندامیەتی ناوبراو لە کۆمیتەی هاوئاهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و چالاکی چەکداری هیچ بنەمایەکی نییە و درۆیەکی گەورەیە.

بەڵام قازی لقی یەکی دادگای ئینقلابی ڕەشت چاوی بەسەر هەموو ئەم ڕاستییانەدا دەبەستێت و ئەوەیکە بۆ ئەم قازییانە گرینگە هەستی تۆڵەکردنەوە دژبە ئازادیخوازان و چالاکانی کرێکاری و کۆمەڵایەتییە. ئەو وەک کارگێر و میر غەزەبی دەسەڵات بەم حوکمە دڕندانەیە گیانی ئینسانێکی کردووەتە ئامرازی پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن لەناو کۆمەڵگادا. جگە لەم ڕاستییانە، کاردانەوە بەرامبەر ناداپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان مافی هەموو کەسێکی هۆشیار و مافخواز و ئازادیخوازە. سنووردارکردنی ئەم مافە ئینسانییانە و دەرکردنی ئێعدام لەپێناوی بەناو دادپەروەری، تاوانێکە کە لەژێرناوی "دیفاع

لە ئەمنیەت و بەغی"، ڕێگە بە کوشتنی ئەنقەستی ئینسانێک دەدات.

بێگومان هەموو ئینسانێکی هوشیار و ئازادیخواز، هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان دەرکردنی حوکمی ئێعدام دژبە شەریفە محەممەدی و هەموو ئازادیخوازانی دیکە مەحکووم دەکەن و بۆ ئازادیی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی ئەم ئینسانانە، کە زاڵمانە لە زینداندا ڕاگیراون، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک دەریغ ناکەن.

١٦ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە سینفییەکانی موعەلیمان بۆ مەحکوومکردنی حوکمی ئێعدامی شەریفە محەممەدی

دوای چەندین مانگ زیندانی ناعادڵانە و ئەنواعی ئەشکەنجە، پەروەندەسازی لە غیابی دادگاییکردنی نادادپەروەرانە، ڕۆژی پێنجشەممە دادگای ئینقلابی ڕەشت شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاری بە ئێعدام مەحکووم کرد. ئەم حوکمە دژەئینسانییە بۆ کپکردنی دەنگی چالاکانی سینفی، مەدەنی و سیاسییە. تۆمەتی "بەغی" و "موحاربە" و "مفسد فی الارض" تۆمەتگەلێکی بێبنەمان کە دەزگای قەزایی بۆ پێکهێنانی ترس



و تۆقاندن کەڵکی لێوەردەگرێت. بەجۆرێک کە لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا لانیکەم ١٥ زیندانی سیاسی بەناوەکانی نەسیم غوڵامی سیمیاری، حەمیدڕەزا سەهل ئابادی، ئیحسان ڕوازژیان، ئەمین سوخەنوەر، عەلی هەراتی موختاری، حسێن محەممەدحسێنی، حسێن ئەردستانی، ئەمیر شاەوەلایەتی، وەحید بنی عامریان، پوویا قۆبادی، محەممەد تەقەوی، موجتەبا تەقەوی، بابەک عەلیپوور، ئەبولحەسەن مونتەزێر، ئەسغەر دانشفەر بەرەورووی تۆمەتی بەغی بوونەتەوە و هاوشێوەی شەریفە محەممەدی مەترسیی ئێعدامکرانیان لەسەرە.

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی موعەلیمانی ئێران، لێدانی تۆمەتی بەغی و دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکان بەتایبەت شەریفە محەممەدی مەحکووم دەکات. حوکمی ئێعدام حوکمێکی غەیرە ئینسانییە و پێویستە ڕەوتی دەرکردنی ئەم حوکمانە ڕابگیرێت. ئێمە خوازیاری هاوپشتیی بەکۆمەڵ بۆ ڕاگرتنی ئەحکامی ئێعدامین.

شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە سینفییەکانی موعەلیمان

***

## ئیتر بەسە کۆیلایەتی، مانگرتنمان پەرە پێ دەدەین

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی مانگی پووشپەڕ کەناڵی تێلێگرامیی "شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی کرێکارانی پەیمانی سەنعەتی نەوت"، لە پێنجەمین ڕۆژی مانگرتنی بەردەوامی کرێکاران، لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە لەژێرناوی کەمپەینی ١٤-١٤ ڕایگەیاند: "هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠ هەزار هاوکاری ئێمە لە نزیک بە ٩٠ شیرکەتی جۆراوجۆری نەوت و گاز بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان دەستیان داوەتە مانگرتن". مانگرتنەکە لە ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانەوە دەستیپێکرد و لەماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا بەرەبەرە ژمارەیەکی زیاتر لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکارانی پرۆژەیی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی لە شارەکانی ئێران لەوانە کرماشان، تاران، عەسەلوویە، بووشێهر، ماهشەهر، کەنگان، سیرجان، ئیلام، دەشت عەباس، یەزد و شوێنەکانی دیکە بەم مانگرتنە پەیوەست بوون. ئەم شۆرایە لە درێژەدا نووسیی: "سێ داخوازی خێرای ئێمە بریتین لە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی "١٤ ڕۆژ کار ١٤ ڕۆژ پشوو"، زیادکردنی حەقدەست و گرینگتر لە هەمووان لەسەرکارلابردنی پەیمانکارانی زەرووسەفەت. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا بەردەوام لەسەر باشترکردنی بارودۆخی ژیان و کار بۆ نموونە باشترکردنی وەزعی خابگاکان، کوالیتیی خۆراک، ئیمکاناتی تەندروستی گشتی خابگاکان (تەوالێت و حەمام)، کەرەستەی ساردکردنی ئاو و هەوا لە شوێنەکانی کار و ژیان و هەروەها ئیمەنیی شوێنی کار کە هەموو ڕۆژێ قوربانیمان لێ دەستێنێ تەئکیدمان کردووە".

تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە زیادکردنی حەقدەستەوە هەیە، " شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانیی نەوت"، جگە لە پشتیوانیکردنی لە ناڕەزایەتیی ساڵانی ڕابردووی کرێکاران، ڕۆژی ئەوەڵی مانگی جۆزەردانی ئەمساڵیش وێڕای حمایەت لە مانگرتنی کرێکارانی "پرۆژەیی نەوت و گاز و پێترۆشیمی"، بەلەبەرچاوگرتنی چوونەسەری بەرچاوی تەوەرۆم، خوازیاری ئەوە بوو کە حەقدەست لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە لانیکەم ٤٥ لەسەد زیاد بکرێت. کرێکاران هەر ئەو کات هەڕەشەیان کردبوو کە: "ئەگەر هەتا کۆتایی مانگی جۆزەردان وڵام وەرنەگرینەوە و حەقدەست زیاد نەکرێ، ناڕەزایەتییەکانمان بەشێوەی بەرینتر بەڕێوە دەبەین". هەربۆیە لەئێستادا کرێکاران بەهۆی جێبەجێ نەکرانی خواستەکانیان لەلایەن دەوڵەت و خاوەنکارەوە، هەڕەشەکەی خۆیان بەکردەوە دەرهێناوە و بە "شێوەی بەرینتر" هاتوونەتە مەیدان و هەموو هاوکارانیان بۆ پەیوەست بوون بە مانگرتن و یەکگرتن بانگەشە دەکەن.

داخوازییەکی ڕەوای دیکەی کرێکارانی پرۆژەیی سەنعەتی نەوت کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە گرینگترینە، "لەسەرکارلابردنی خاوەنکارانی زەرووسەفەت" یان هەڵوەشاندنەوەی خسووسی سازییە. ئەوان دەڵێن: "دەیان ساڵە مافی ئێمە کرێکارانی نەوت لەلایەن مافیای خاوەنکارانەوە پێشێل کراوە. لەم سەنعەتە گرینگەدا بابەتی سەرەکی تاڵانکردنی هەرچی زیاتری ژیانی ئێمە و ملهوڕی کردنی زیاترە. ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دژەکرێکاری خسووسی سازی، بەشی "خواردەستی سەنعەتی نەوت" (واتە پاڵاوگەکانی نەوت و گاز و تۆڕی گەیاندنی گاز



و خزمەتگوزاری) بە بەشی خسووسی یان کەرتی تایبەت سپاردووە. تا وێڕای لابردنی بەرپرسایەتی لەسەر شانی خۆی، دووبەرەکایەتی لەناویاندا دروست بکات و بەخەیاڵی خۆی لە هاوخەباتییان ڕێگری بکات. هەڵبەت ڕژیم بە بەڕێوەبردنی خسووسی سازی، دەستی خاوەنکارانی ڕانتخۆر و بەڕاستی "زەرووسەفەت"ی بۆ هەڵمژینی شیرەی گیانی کرێکاران ئاواڵە هێشتووەتەوە. ئەوان کاری سەخت و تاقەت پرووکێن بە حەقدەستی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنن. لەئێستادا کرێکارانی پرۆژەیی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، هەڕەشەیان کردووە کە: "ئەگەر وڵامی خواستەکانمان نەدرێتەوە، ئەگەر حەقدەست بەپێی داخوازیی ئێمە زیاد نەکرێ و هەڵاواردن لەبواری پێدانی حەقدەست و بارودۆخی کار لەناو نەچێت، بارودۆخ هەر بەم شێوەیە دەبێت و بەدڵنیاییەوە هاوکارانێکی زیاتر لە بەشەکانی دیکەوە بەم مانگرتنە پەیوەست دەبن".

کرێکاران دەڵێن: "لە هیچ دەورەیەک، لە بەرنامەی هیچ

کام لە دەوڵەتەکانی ڕژیم و لە گەڵاڵەی هیچ بوودجەیەکدا ئێمە کرێکارانی نەوت جێگەمان نییە". ڕژیمی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی کە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هیچ بایەخێکی بە خواست و داوای کرێکارانی سەنعەتی نەوت نەداوە و مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی بە سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە وڵام داوەتەوە، ئێستا لەوپەڕی بێشەرمیدا داوا لە کرێکاران دەکات کە لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا بەشداری بکەن. لەم پەیوەندییەدا "شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی کرێکارانی پەیمانی نەوت"، وڵامی لێبڕاوانەی کرێکارانی ڕوو بە ڕژیم ڕاگەیاند و نووسیی: "ئیتر بەسە، تەسلیمی کۆیلایەتی نابین. هەروەک خانەنشینکراوانی ئازیز لەسەر شەقام هاواریان کرد، هەروەک خەڵک دەنگیان هەڵبڕی، بڕیاری ئێمەش هەر ئەوەیە: "ڕەئی بێ ڕەئی، لە مافمان کۆتا نایەین".

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هاوکات لەگەڵ مانگرتنی بەرینی کرێکارانی پرۆژەیی سەنعەتی نەوت، ڕۆژی یەکشەممە ٣ی مانگی پووشپەڕ خانەنشینانیش لە درێژەی ناڕەزایەتیی لێبڕاوانەی هەفتانەی خۆیان لە زۆرێک لە شارەکان لەڕێگەی بەدەستەوەگرتنی بەنێر و پلاکارد، ڕێپێوان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. خانەنشینان بە دروشمە بەهێزەکانی وەک "تەنیا لەسەر شەقام، وەدی دێ مافمان"، "مۆنازەرە باش بوو – بەڵام هەمووی درۆ بوو"، "ئاغازادە لە ئەمریکایە – تەوەرۆمی بۆ ئێمەیە"، "نەمێنێ کۆیلایەتی – بژی ژیان"، "مودەعیی عەداڵەت – خەجاڵەت خەجاڵەت"، "موعەلیمی زیندانی، زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ"، ناوەرۆک و سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەدارانیان ڕیسوا و مەحکووم کرد.

پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، ژنان، خانەنشینان، موعەلیمان، پەرستاران، لە ناڕەزایەتی بە تەوەرۆم، گرانی، بێکاری و ئەوزاعی فەلاکەتباری مەعیشەتی، لەلایەکەوە و داسەپاندنی فەزای ئەمنیەتی، زەوتکردنی ئازادی، سەرکوت و زیندان و ئێعدام لەلایەکی دیکەوە سەلمێنەری ئەوپەڕی لاوازی و زەبوونیی حکوومەتی ئیسلامییە لە وڵامدانەوە بە داخوازیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا. مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری تەنیا ئامرازی بەهێزە لە ناو دەستی کرێکاران بەرامبەر بە ڕژیمی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی. درێژەی مانگرتنی ڕێکخراو و سەرتاسەری هاوکات لە ناوەندە سەرەکییەکانی سەنعەت و خزمەتگوزاری، دەتوانێ دەزگای سەرکوتی ڕژیم و دەسەڵات بەگشتی زەمینگیر بکات. بێگومان ئەوە ئەرکی مێژوویی چینی کرێکارە کە بە هاوڕێ کردنی زەرفیەت و پۆتانسیەلی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە هەر ئێستا بەشێوەی چالاک لە کۆمەڵگادا لە جەرەیاندان، بیساتی حکوومەتی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی تێکەوەپێچێت و هەموو خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە چنگ ئەم دەسەڵاتە نگریسە ڕزگار بکات.

***

# دووڕوویی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم داکۆکیکارەی مافی مرۆڤ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ تاڵەبان

ڕۆژی دووشەممە ١١ی مانگی پووشپەڕ سێهەمین کۆبوونەوەی دوو ڕۆژەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیوەند لەگەڵ ئەفغانستان بە بەشداری نوێنەرانی ٢٥ دەوڵەت و پێنج ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، بە بەشداریی هەیئەتێک لە تاڵەبان لە دۆحە پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو. ئەم کۆبوونەوەیە بە بێ بەشداری هەواڵنێران و لە پشت دەرگای داخراو بەڕێوەچوو. تاڵەبان بۆ یەکەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی مەی٢٠٢٣ لە پەیوەند لەگەڵ ئەفغانستان دەعوەت نەکرا و لە دووهەمین کۆبوونەوەی دۆحەش کە لە ڕێکەوتی ١٨ی مانگی فێوریەی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو، ئەگەرچی دەعوەت کرابوو بەڵام بەهۆی قەبووڵ نەکرانی مەرجەکانی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە



یەکگرتووەکانەوە لە بەشداریکردنی خۆی بوارد. مەرجی تاڵەبان بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دووهەم بەریتی بوو لە بەشدار نەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەفغانستان لەوانە ژنان و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تاڵەبان لەم کۆبوونەوەیە و بەرەسمی ناسینی تاڵەبان وەک تەنها نوێنەری مەشرووعی ئەفغانستان و خۆبەدوورگرتن لە باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرسە ناوخۆییەکانی ئەفغانستان لەم کۆبوونەوەیەدا. بەشداری گرووپی تیرۆریستی ئیسلامی تاڵەبان لە کۆبوونەوەی سێهەم و بەڕێوەچوونی لە پشت دەرگای داخراو و بەدوور لە چاوی هەواڵنێران و بە بێ بەشداریی ژنان و گرووپە مەدەنی و ئۆپۆزیسیۆنەکان، بەمانای قەبووڵکردنی مەرجەکانی تاڵەبانە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەش بێگومان پەڵەیەکی شەرمەزارییە بەناوچاوانی ئەم ڕێکخراوەوە.

زۆرێک لە دەوڵەتەکانی سەرمایەداری لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بەخاتری بەرژەوەندی ئابووری و دەستڕاگەیشتیان بە سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتی و گرانەکانی ئەفغانستان لەوانە ئۆرانیۆم، کرۆم، نیکل، زێڕ، مس، نەوت، گاز و ... هەوڵیان داوە تاڵەبان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان بگەڕێننەوە تا زەمینە بۆ بەرەسمی ناسینی ئەم ئیماراتە ئیسلامی و کۆنەپەرست و تیرۆریستە فەراهەم بکەن. لەم پەیوەندییەدا مانگی ئاوریلی ساڵی ڕابردوو هاوئاهەنگکاری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا پەیوەست بوونی دووبارەی حکوومەتی تاڵەبانی بە سیستمی ئابووری و سیاسی نێونەتەوەیی پێشنیار کرد. چەند ڕۆژ بەر لە کۆبوونەوەی سێهەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەری تایبەتی یەکیەتی ئورووپا لە کابوڵ لەگەڵ تاڵەبان گفتوگۆی کرد. لە دووهەمین ڕۆژی ئەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری بانکی جیهانی ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی ئابووری ئەفغانستان و گەمارۆ ئابووری و بانکییەکان پێشکەش کرد. ئەم هەوڵ و کۆبوونەوانە لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چوونەوە بۆ ناو ئەفغانستان ئەنجام دەدرێت. ئەمە یەکەمین جارە کە ئیماراتی ئیسلامی تاڵەبان ئیمکانی حزووری لە کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا پەیدا کردووە. ئەگەرچی بەرواڵەت هیچ ڕێککەوتنێک لەم کۆبوونەوەیەدا بەدەست نەهاتووە و نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن ئەمە بەمانای بەرەسمی ناسینی تاڵەبان نییە، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک "هەوڵێکی گرینگ بۆ تەعامول لەگەڵ تاڵەبان" باسی لێدەکات و بێگومان هەنگاوێکە لەڕاستای بەرەسمی ناسینی تاڵەباندا. تەنانەت لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا هەیئەتی تاڵەبان لەگەڵ نوێنەرانی هێندێک لە دەوڵەتەکان لەوانە بریتانیا، نۆروێژ، هۆلەند، هێند، عەرەبستانی سعوودی، قەزاقستان و ئەندۆنێزی گفتوگۆیان کرد.

هەوڵ بۆ بەرەسمی ناسینی تاڵەبان و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی تاڵەبان لەلایەن دەوڵەتەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتێکدایە کە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تاڵەبان هەروەک سەردەمی پێشوو هەوڵی داوە بە سەرکوت و کوشتار، یاسای خۆرافی و کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. خوێندنگاکانی کچان داخات تا لە خوێندنی ژنان ڕێگری بکات و ئەوان بەپێی شەریعەتی ئیسلام لە سووچی ماڵەکان پەستێوێ. هەوڵی داوە کۆمەڵگا لە توانا و هێزی ژنان لە هەموو بوارەکانی چالاکی و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بێبەری بکات. هەموو مافە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی نیوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی ژن بوونیان زەوت بکات. کەوابوو هەوڵ بۆ بەرەسمی ناسین و بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ وەها حکوومەتێک، بەڵگەیەکی

دیکەی ڕووخانی ئەخلاق و دووڕوویی ئەم دەوڵەتانە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها بۆ ڕواڵەت پارێزی، لە وڵام بە نارەزایەتی چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئەفغان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی مانگی پووشپەڕ لە پەراوێزی ئەم کۆبوونەوەیەدا، ژمارەیەک لە نوێنەرانی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەفغانستانی بانگهێشت کرد تا بەشێوەی جیاجیا لەگەڵیان دیدار بکەن. هێندێکیان ئەم بانگهێشتەیان ڕەت کردەوە و وتیان: "دەعەوەت کردنی تاڵەبان بەپێچەوانەی بڕیارنامەی ٢ هەزار و ٧٢١ی شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان



و پێشێلکردنی باقی کۆنوانسیۆنەکانی ڕێگرکردن لە هەڵاواردنی ژنانە. ئەوان ڕایانگەیاند: "لەکاتێکدا کە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئەفغانستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، ژنان دەبێ لە مێزی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوەیە بن نەک لە پەراوێزیدا".جگە لەمەش ١١ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ پێشتر لەڕێگەی نامەیەک بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شۆرای ئەمنیەت ڕایانگەیاندبوو کە نزیکبونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەفغانستان نەیتوانیوە حکوومەتی تاڵەبان لە سەرکوتکردنی نیزامەند ڕابگرێت.

کێبڕکێی جەمسەرە سەرمایەدارییەکان بۆ نفووز لە ئەفغانستان و نزیکایەتی لەگەڵ تاڵەبان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانە. ئەمریکا کە سێ ساڵ لەمەوبەر دوای ساڵەها داگیرکاری بە شکستێکی سەرشۆڕانەوە لە ئەفغانستان ڕایکرد، هاوڕێ لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئورووپا هەوڵ دەدەن بە بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە کۆبوونەوانە لە چەوساندنەوە لە ئەفغانستاندا دەورونەخشیان بێت. لە بەرامبەردا چین و ڕووسیە کە هەتا ئێستا لەگەڵ تاڵەبان پەیوەندیان بووە و موعامەلە و گرێبەستی ئابووریی زۆریان لەگەڵ واژۆ کردوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پرسەکانی مافی مرۆڤ و بارودۆخی ژنان لە ئەفغانستان، خوازیاری لابردنی هەموو گەمارۆکان دژبە تاڵەبان و موخالفی ڕێگاچارەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوان. ڕووسیەش وێڕای پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی تاڵەبان، ستایشی هەوڵەکانی زەبیحوڵڵا موجاهد ووتەبێژی تاڵەبانی کرد و حازر نەبوو بەشداری کۆبوونەوەی نوێنەرانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەفغانستان بێت.

بەڵام تاڵەبان بەرهەمی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەسەڵاتەکانی سەرمایەدارییە و هەروەک باقی گرووپ و دەوڵەتە ئیسلامییەکان درێژەی دەسەڵاتەکەی لە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت، کوشتار، تیرۆر، جەنایەت و زەوتکردنی ئازادی خەڵک دەبینێت و ناتوانێ خواست و داخوازی خەڵکی ئەفغانستان بێنێتە دی. بۆ دەوڵەتانی سەرمایەداری وەک ئەمریکا و چین و ڕووسیە و دەوڵەتە ئورووپاییەکان، ئەوەیکە گرینگە بەرژەوەندی سەرمایە و زیادکردنی ڕێژەی قازانجییانە. داکۆکی دڕۆینەی ئەوان لە مافی مرۆڤ تەنها فریو و ڕیاکارییە. بۆ کرێکاران و جەماوەری ئازارچێشتوو و زەحمەتکێشی ئەفغانستان نە کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری و نە هەوڵی دژبەران و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی حکوومەتی تاڵەبان لە ئورووپا، مایەی ئومێد نین. ئەوان تەنها بە خەباتی ڕێکخراو و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دەتوانن لە چنگ تاڵەبان و زلێهێزەکانی سەرمایەداری ڕزگاریان بێت. سەرچاوە سرووشتییە زۆر و دەوڵەمەندەکانی ئەفغانستان لە دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا دەتوانێ ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموو خەڵک دابین بکات.

***

## بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە ئاکامی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم

ئاکامی خولی یەکەم و دووهەمی شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە زۆرینەی خەڵکی ئێران، خوازیاری ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە فاشیستییەن! ڕژیمی ئیسلامی تاوان و تاڵان، لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕدا، چواردەهەمین دەورەی گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی "سەرۆک کۆماری" بەڕێوەبرد. شانۆیەک کە لەم سیستمە ئیستبدادییە سیاسی و ئایینییەدا، بەدرێژایی ٤٥ ساڵی ڕابردوو بەردەوام بووە. هەتا ساڵی ٩٦ی هەتاوی ڕژیم دەیتوانی بە فریودانی ملیۆنان کەس لە خەڵک و یان بە پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن، ئەوان بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و دەنگسازیی خۆی ڕابکێشێت. بەڵام لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی بەفرانباری ٩٦ەوە بەرەو ئەملا و لەگەڵ جێکەوتنی وتاری "ئیسلاح تەڵەب، ئوسوولگەرا، ئیتر تەواو بوو ماجەرا" زۆرینەی خەڵک بەتایبەت بەرەی کار و ڕەنج، بێجگەلە ڕووخاندنی گشت کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی شۆڕشێکی خەڵکییەوە بیر لە شتێکی تر ناکەنەوە. لەم ڕووەوە لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا شایەدی ئەوە بووین کە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە شانۆ ئینتخاباتییەکانی ڕژیمدا بەشداری ناکەن.

وڵامی "نا" بە ڕژیم لە خولی یەکەمدا هێندە بەهێز بوو کە سەرەڕای هەموو دەنگسازییەکان، خودی ڕژیم دانی بەوە دانا کە زیاتر لە ٦٠%ی خەڵک لە بەشداریکردن لە "ئینتخابات" خۆیان بواردووە. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە هەموو ڕاپۆرتەکانی خەڵک نیشانیان دەدا کە بەرینایی بایکۆتکردن یەکجار لە ڕێژەی ڕاگەیەندراوی ڕەسمی زیاتر بووە. خامنەیی کە هەمیشە دوای هەموو شانۆیەکی هەڵبژاردن دەهاتە مەیدان و دەستی دەکرد بە هەڵیت و پڵیت، ئەمجارە پێنج ڕۆژ بێدەنگیی گرتە بەر و سەرەنجام دوای ئەم پێنج ڕۆژە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە نارەزایەتیی خۆی لەئاست ڕێژەی بەشداری دەربڕی. ئەم نارەزایەتییە لە هەمان کاتدا چرایەکی سەوز بوو بۆ باندەکانی حکوومەت کە لە خولی دووهەمدا بە هەر قیمەتێک کە بووە ڕێژەیەکی زیاتر و خوازراوتر ڕێکبخەن!!

بەمجۆرە بوو کە ئەم گاڵتەجاڕییە بۆ خولی دووهەم درێژ کرایەوە تا لە ڕۆژی هەینی ١٥ی مانگی پووشپەڕدا چارەنووسی کەسی سەرکەوتوو لەناو دوو ڕەقیبی کۆتایی واتە پزیشکیان و جەلیلی دیاری بکرێت. لەم قۆناغە بەرەو ئەملا هەموو ئامرازەکانی




پروپاگەندە و میدیایی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەکار گیران تا بە جێخستنی دوو قوتبییەکی درۆینە و بە بۆڵدکردنەوەی وتاری خراپ و خراپتر، بە یارمەتیی ڕیفۆرمخوازانی دۆڕاو و توودەیی و ئەکسەریەتی و ئەحزابی ناسیۆنالیستی وەک حیزبی دێموکرات و پەژاک و مەزهەبییە کۆنەپەرستەکانی خووزستان، بەشێک لە خەڵک سەرەڕای ناڕازیبوونیان لە ڕژیمی ئیسلامی، بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بەرن. ئەم بەشە لە خەڵکی ناڕازی ئەگەرچی دەزانن لە ڕژیمی

ئیسلامیدا، ئامرازە سەرەکی و ستراتێژیکەکانی نیزام لە دەستی بەیتی ڕێبەری و ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامی و قەزاییەکاندایە و سەرۆککۆمار تەداروکچییەک زیاتر نییە و ئەگەر بیشیەوێ بچووکترین گۆڕان پێکبێنێ ناتوانێ و بەرەورووی بەربەستی بەهێز دەبێتەوە، بەڵام خۆیان بەوە فریو دەدەن کە سەرۆککۆماریی پزیشکیان، ئەوزاعی ئێران برێک باشتر دەکات.

کەوابوو ئەم بەشە بچووکە لە خەڵک بە تاقیکردنەوەی تاقیکراوەکان و بە وتاری کۆنەی "هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر"، سەرەڕای بایکۆت کردنی خولی




یەکەم، حازر بوون لە خولی دووهەمدا لەم یارییە کە ئاکامەکەی بۆ هەردووک لا دۆڕان بوو، بەشداری بکەن. ئەگەرچی ئیدیعای ڕژیم سەبارەت بە بەشداریکردنی ٤٩%ی خەڵک لە خولی دووهەم کە ٢%یشی دەنگی نادروستە، بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئاستی بایکۆتی خەڵک هێندە بەرین بوو کە ئیجازەی ساختەکاریی زیاتری بە ڕژیم نەدا و خودی حکومەت دانی بەوە دانا کە بۆ جارێکی تر زۆرینەی خەڵک واتە ٥١% لە خولی دووهەمی ئەم شانۆیەدا بەشدارییان نەکردووە.

ئێستا دوای کۆتایی ئەم شانۆ گاڵتەجاڕانەیە، مەسعوود پزیشکیان بووەتە سەرۆک کۆماری نوێی ڕژیمی تاوان و تاڵان. کەسایەتییەکی لاواز کە گەلێک جار لە جەریانی وتار و ڕووبەڕووبوونەوە ئینتخاباتییەکاندا، وەفاداریی تەواوی خۆی بە "ڕێبەری باڵا" ڕاگەیاندووە و دەستبەجێ دوای سەرکەوتنیشی بە حزووری لەسەر گۆڕی خومەینیی جەللاد، دەستخۆشیی لە خامنەیی کرد کە ئیجازەی دا ناوی لە سندووقی دەنگدان بێتە دەر. وە بە ناردنی نامەی بۆ ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان سەلماندنی کە قەرار نییە تەنانەت لە بواری سیاسەتی پشتیوانیی ماڵی و نیزامی چەندین ملیارد دۆلاری لە هێزە نیابەتی و کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لە ناوچەکە، هیچ کەموکوڕییەک پێکبێت. هەڵبەت لە ڕۆژانی نزیک بە "هەڵبژاردنەکان"یش محەممەد موخبێر جێگری ئیبراهیم ڕەئیسی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی شانگهای لە دیدارێکدا لەگەڵ پوتین، دڵنیای کردەوە کە گۆڕانی سەرۆک کۆمار هیچ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەوانە درێژەی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیە پێکناهێنێت.

کەوابوو بە هاتنە سەر کاری پزیشکیان قەرار نییە هیچ کام لە سیاسەتە لاوەکی و سەرەکییەکانی ئەم ڕژیمە بگۆڕێت. ئیستبدادی سیاسی، سەرکوتی فاشیستی بزووتنەوە و ئاخێزەکان، دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە لەسەر بنەمای بناژۆخوازیی ئیسلامی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و بۆ نموونە درێژەی سیاسەتی داسەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر ژنان، سەرکوتی بەردەوام و ئێعدام، داسەپاندنی هەڵاواردن بەسەر کەمینەی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و ئاراستەی جنسی، درێژەی تاڵان و چەوساندنەوە لە جەرگەی پەرەسەندنی نابەرابەریی چینایەتیی جێکەوتوو لە نیزامی سەرمایەداریی ئێران، درێژەی ڕانتخۆری و گەندەڵی سیستماتیک و درێژەی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامان بەئامانجی تەقویەتی هێزە نیابەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی تری جیهان، درێژەی ماجەراجوویی ئەتۆمی و نیزامی و درێژەی تیرۆر و ئێعدام و کوشتار … بێگومان هەروا بەردەوام دەبێت و هیچ گۆڕانێکی بەسەر نایەت.

کەوابو ئاستی باڵای نیزام هیچ نیگەرانییەکیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پزیشکیان نییە و ئەو لە جنسی خۆیانە. بەڵام دەتوانن لە ناوبراو وەک ویترینێکی "ڕازاوەتر" لە وتووێژەکانی ڕژیم لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی کەڵکی لێوەرگرن. چونکە هەروەک خودی پزیشکیان و هێندێک لە کاندیدەکانی تر لە جەریانی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئینتخاباتدا باسیان کرد، گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بەتایبەت لە بواری دارایی، فشاری زۆری خستووەتە سەر ڕژیم و بەرەورووی کێشەی گەورەی ئابووریی کردووەتەوە. هەروەها ڕێبەریی نیزام، لەو خەون و خەیاڵەدایە کە لەڕێگەی پزیشکیانەوە بەشێک لە خەڵک ئارام بکاتەوە. غافڵ لەوەیکە ئەم تاکتیکە کۆنەیە چیتر جواب نەداتەوە و زۆرینەی خەڵک بێجگەلە ڕووخاندنی ڕژیم و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، یەکسانی، خۆشبژێوی، شادی و کەرامەتی ئینسانی بیر لە شتێکی دیکە ناکەنەوە. وە ئەو بەشە یەکجار بچووکەش لە خەڵک کە حازر بوون بۆ جارێکی تر فریو بخۆن و لە نمایشی ئینتخاباتی ڕژیمدا بەشداری بکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا، نەتەنیا هیچ ڕێگایەک بۆ ڕزگاری بوونی نییە، بەڵکوو تەنانەت چکۆلەترین ئیسلاحاتیش ناتوانێ بێتە دی. هەڵبەت دوو دەورەی سەرۆک کۆماری محەممەد خاتەمی و دوو دەورەی سەرۆک کۆماری حەسەن ڕووحانیش ئەم ڕاستییەیان بەباشی سەلماند.

کەوابوو تا ئەو جێیەی بە هێزی چەپ و شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە پەیوەندیی هەیە، بەڕێوەچوونی چواردەهەمین خولی "هەڵبژاردنەکان"ی سەرۆک کۆمار هیچ گۆڕانێکی لە ستراتێژی سیاسیی ئێمەدا پێکنەهێناوە، بەڵکوو بۆ جارێکی تر ڕاستبوون و ڕەوابوونی سەلماندووە. زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا کە لە دیکتاتۆری، کۆنەپەرستی، هەژاری، هەڵاواردن و نابەرابەری وەگیانهاتوون، بە درێژەدانی بزووتنەوە و هەڵبەت بە ئەزموون وەرگرتن لە ئاخێزە ئینقلابییە مەزنەکانی ساڵانی ڕابردوو، تێدەکۆشن ئاڵقەی گەمارۆ بەدەوری دەسەڵاتی ئیسلام و سەرمایە تەنگتر بکەنەوە و بۆ هەمیشە بیخەنە ناو زبڵدانی مێژووەوە. بێگومان هەر ڕێگایەکی تر بێجگەلە ئەمە سەرابە.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی! بژی سۆسیالیزم!

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

١١ی جولای٢٠٢٤ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

# شـێعر

## " بۆ حیزبی پێشڕەوی کرێکار "

هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەت
دیلانی برسیەتی دنیا
لە تەنوورەی بیر و باوەڕمان
قرمزنی تریشقە ڕاسا

دەبا ڕیزی چەوسێنەران
لە بەرامبەر ئیرادە و خۆڕاگری ئێمەدا بلەرزن
ئێمە هیچمان بۆ لە دەستدان پێ نەماوە و
دنیایێکمان لە بەر چاوە

ڕقی ئێمە
وا هێزێکە و
چاوەڕێی کەن لە خەو هەستێ

مشتی ئێمە
درووشمێکە و ئاسۆیێکە
بەرەو ئاسمان گڕێ ئەدرێ

خوینی ئێمە
ئالآیێکە و ڕاپەڕینە
وا سوور و گەش تێدەخرۆشێ

ئێمە خەونی کرێکارین
ڕێبوارانی سۆسیالیزمین

ئێمە تەونی گۆشەی ماڵە نزمەکان و
ترپەی دڵ و گرمەی گەروو
دەنگی ژنانی هەژارین

قفلی زیندان
شیر و شمشێر
بە دەستی ئێمەیە دەشکێ
قەڵەمی بە کرێ نەگیراو و دیل کراو
ڕزگاری ئەبێ

کام کێو بەرزە فەتحی ئەکەین
کام لووتکە دەستی پێ ڕاناگا
قورس و قاییم
هەنگاوی لە سەر دائەنێین

ئێمە ئەسپی شێت زین ئەکەین
هەوسار بە دەس
بۆ نان بۆ کار بۆ ئازادی
بە چوار ناڵە لە لینگ ئەدەین

ئێمە کارین
کرێکارین
دژ بە سەرمایە و بازاڕین

چەند سەدەیە لەم کۆمەڵگا
ئێمە باسکی بەرهەم هێنەر
ئێمە دەستی خولقێنەرین

بۆ ڕەوت و ڕێبازی مێژوو
ئێمە وزەی بزوێنەرین

چاوی ئێمە

ڕوون و پاکە

لە چاوی سەرکوتگەر ناچێ

جل و بەرگی شڕە و دڕاوی بەر ئێمە

لە باڵای چەوسێنەر ناچێ

ئاوات و ئامانجی ئێمە

دەسەڵاتی زەحمەتکێشان

لە درۆی پارلەمان ناچێ

ئێمە لە گەڵ

کاک حەمە حسەین ڕێ ئەکەین

بە بێ غۆڵامی کەشاوەرز ڕێ دەر نابەین

حیزبی ئێمە لە حیزبی بورژواکان ناچێ

وەک خەباتی چینایەتی

تێکۆشەرانی مێژوویی و ئازایەتی

وەکوو بارانی وشکەساڵ

وەکوو نانی دڵخۆشکەری

سفرەی خرت و خاڵی و بەتاڵ

وەکوو فیشەک بۆ پێشمەرگە

وەکوو ژینێکی ئینسانی

لە بۆ گەورە

لە بۆ مناڵ

وەکوو رچەی کاک فواد و

چاوی تیژی دوکتور جەعفەر

یادی ئازیزی کاک خانە و

دەنگی دلێری کەمانگەر

وەکوو زیندوبونەوەی عەرز

وەکوو بەهار

وەکوو پەڵە

وەکوو شۆڕشی ئەمجارە

بۆ ڕزگار بوونی یەکجاری

وەک کۆمەڵە

فێبروارى ۲۰۲۱ هاوڕییەکمان لە شارەوە

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧